سازمان اتحاد فدائيان کمونيست
Iranian Fedaian Communist League

# بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی سەدەی ناوەڕاست لەم سەدەیەدا

**نووسینی :**

**داوەر**

لە بڵاوکراوەکانی : کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست
گەلاوێژی ١٣٨٢

## پێشەکی

جیهان لە گەڵ پێشکەوتنەکانی زانستی و گەشەی تەکنولۆژی ، ئابووری ، پیشەیی کۆمەڵایەتی سەرنج ڕاکێش پێی ناوەتە سەدەی ٢١ی زائینی . لە گەڵ گەشەی زانست و تەکنولۆژی هاوسەنگی دوو هێزی سەرەکی بە شێوەیکی بەرچاو تێک درا و لە گەڵ گەشەی تەکنولۆژی پەیوەندیەکان ، مەیدانی مانووری هێزەکانی کۆمەڵایەتی بەرگریکەر زۆر خێرا تێک چوو . لە گەڵ نزیک بوونی کاری فیکری و دەستی . هێزەکانی گەشەئەستێنەر بە هێز و یەکگرتوویی دەستیان دایە بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی نوێ و خوازیاری ئاڵ و گۆری پێک هاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەئین . سەرمایە لەم کاتەدا ئاوا گەشەی کردووە کە کۆنترۆڵی لە دەستی بورژوازی دەرچووە و هەر ڕۆژ چینێکی بورژوازی جیا و بۆ دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی خۆی دەخات لە گەڵ کۆبوونی کۆمپانیاکانی ماڵی و بانکەکان و دامەزراوەکانی دراوی نێونەتەوەیی ، سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و دابەش کردنیان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان داناوە و بە سەرکوتی ڕەقیبەکانیان بوونەتە پاوانخوازی بازرگانی جیهانی . سەرمایەی ماڵی بە ڕێکخستن و بە هەموو توانای نیزامی و سیاسی و ڕاگەیاندنی خەریکی هێرشی نیزامی بەربلاوە بۆ لە ناو بردنی سەنعەت و دامەزراوەکانی ولاتان و هیچ کام لە ڕێککەوتنەکان و پەیمانەکانی نێونەتەوەیی وەک مافی مرۆڤـــ و ژینگە و لە یەک قسەدا مرۆڤایەتی لە بەرچاو ناگرێت . هاوکات لە گەڵ هێرش بۆ سەر وڵاتانی پاشکەوتوو هێرشی خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەست پێ دەکات و ڕێککەوتن و پەیمانەکانی کۆمەڵایەتی یەک بە دوای یەک پێشێل دەکات . دژایەتی چینایەتی و قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی قووڵتر و بزووتنەوەی سوسیالیستی بەربلاوتر دەکات . لە کۆتاییدا جیهانی سەرمایەداری داهاتوویکی تاریکی لە پێش دایە .

ئەلف : لە گەڵ کۆکردن و پاوانخوازی کۆمپانیاکانی ماڵی تەمای زۆرتر بۆ بە دەس هێنانی قازانجی زۆرتری سەنعەتەکان لە مەترسی داناوە و دژایەتی قووڵی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری خوڵقاندووە و زۆر کەسانی لە ناو چینی بورژوازی وەدەر کردووە و کردیانە بە کۆیلەکانی تازەی مافیای ماڵی و دەبێتە هۆی لە ناو چوونی خۆی .

ب _ لە گەڵ قەیرانی بازرگانی جیهانی و هەزینەی سەر سوور هێنەری ڕاگەیاندن ، دژایەتی چینایەتی تووندتر بووە و بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی پەرەی ساندووە و هەزینەکانی زۆری بەربەرەکانی لە گەڵ جووڵانەوەکان ، بزووتنەوەکانی گشتی ڕادیکاڵتر دەکات . بە پچرانی ئەو زنجیرە ، قەیرانی گشتی هەموو جیهانی سەرمایەداری لە بەر دەگرێت و بەرەو نەمانی دەبات .

گەشە کردنی چینی کرێکار و ئایدولۆژی ئەو

گەشە کردنی شێوەی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی چالاکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی ئینسانی بووە . لە گەڵ یەکگرتنی شەبەکەکانی بەرهەم هێنان ، پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان قووڵتر بووە و وەک ڕێکخراوەکانی کۆکراو دەرهاتوون و بوونەتە هۆی گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر . لە گەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنولۆژی ، کاری فیکری و دەستی بە یەکتر نزیک بوونەتەوە و هێزەکانی نوێ لە گۆڕەپانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە ئاراوە و لە پێکهاتی سیستەمی سەرمایەداری بە ڕادەی حەق دەسەکان زیاد کراوە .

لە گەڵ مودیرنیزە بوونی شێوازی بەرهەم هێنان ، ڕێکخستنی نوێ لە بەشی دابەشکردن پێویست دەبێ و لە دەسەڵاتی وردە بورژوازی کەم دەبێتەوە و بە هێزی کاری تازە دەگۆڕدرێ . لە گەڵ دروست بوونی ماشینەکانی تەواو ئۆتۆماتیک و ڕوبوت و کۆمپیوتەرەکان ، بەرهەم هێنان و چاککردنەوە و پاراستن و بەرێ خستنی ئەوان ، هێزی چۆنیەتی چینی کرێکار سەد ئەوەندەی بە هێزتر کردووە .

لە شێوازی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بە پاڵپشتی هێزی دەستی کرێکار ، کاری فیکری و ناساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی لە دەستی بورژوازی بوو و ڕێبەری ئایدولۆژی چینی کرێکار تێکرا لە لایەن وردە بورژوازیەوە بەرێوە دەچوو . بەم هۆیە ڕۆڵی ڕوشنبیرانی وردە بورژوازی لە ئاڵ و گۆری پێکهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیهان بەرچاو بوو و ڕێکخستنی بنیاتەکانی کۆمەڵایەتی پرولیتاریا لە ژێر کاریگەری بورژوازی بوو .

سەرەرای ئەمە چینی کرێکار لە هێندێک جار توانی بە یارمەتی وردە بورژوازی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرێ . لاوازی کۆمەڵایەتی پرولیتاریا و نێوانی زۆری کاری دەستی و فیکری ، پرولیتاریا نەیتوانی ڕێبەری ئایدولۆژی لە بورژوازی بستێنێ و جووڵانەوەی سوسیالیستی ڕێبەری بکات و بورژوازی توانی لە ڕێگای بوروکراسی حیزبی و دەوڵەتی ، چینی کرێکار لە دەسەڵاتی سیاسی وەدەر بنێ .

لە گەڵ پەرەساندنی زانست و تەکنولۆژی و نزیک بوونی کاری فیکری و دەستی ، چینی کرێکار خۆی بە شێوەیکی نوێ ڕێک خست و لە گەڵ ڕێبەری جووڵانەوەی سوسیالیستی دەچێ تاکو جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو ببات و کۆمەڵگایەکی بە دوور لە فەرق و جیاوازی و چەوساندنەوە دامەزرێنێ .





لە گەڵ کۆتایی سەدەی بیستی زائینی ، کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی لە گەڵ ئایدولۆژی مەزهەبی کە بەرهەمی شێواز و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و سیستەمی کۆمەڵایەتی سەدەکانی ناوەراستە ، بە دەستەوە گرت . کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ڕابردووی ڕەشی لەم ناوچەیە و لەم کاتەدا لە دژایەتی قووڵ لە گەڵ شێوازی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ، توانی سەرخانی سیاسی سەرچاوە گرتوو لە قومیەتی عەرەبی لە گەڵ بەرهەم هێنانی عەشیرەتی داسەپێنێ ، دواکەوتووترین یاساکان پەسەند و بە یارمەتی هێزی سەرکوتگەر بەرێوەی ببات . بەم شێوەیە حکوومەتی ئیسلامی بە دژایەتی مێژوویی لە گەڵ پێکهاتی ئابووری ، پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا رووبەروو بوو و نەیتوانی پەیوەندیەکانی کۆن بە سەر کۆمەڵگا داسەپێنێ .

لە گەڵ پەرەساندنی تەکنولۆژی پەیوەندی گرتنەکان ، حکوومەتی ئیسلامی لە تەنگەژە نراوە و توانای لێکدانەوەی جیهان و گۆڕینی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگای نی‌یە و داهاتوویەکی بۆ ڕێژیم تەنانەت بە شێوەکانی جۆربەجۆر چاوەڕوان ناکرێ .

کۆرتە مێژووی حکوومەتی ئیسلامی لە سەر ئەساسی یەکیەتی عەشیرەتی و توێژی بورژوازی توجاری و دواکەوتووی سەدەکانی ناوەراست لە گەڵ ئایدولۆژی ئائینی ئیسلام تێکەڵاو بە قەومیەتی عەرەبی و لە سەر یەکسان نەبوونی مرۆڤەکان دامەزراوە . جیاوازی ژن و پیاو ، موسڵمان و غەیری موسڵمان ، کۆمەڵانی خەڵک و ئیمامەکان و فەقیحەکان . ئایدولۆژی ئیسلام هەموو کات لە گەڵ بۆچوونەکانی‌تر دژایەتی‌ی بووە و لە گەڵ ئازادی بۆچوون دژایەتیی کردووە و بیر و بڕوای نوێ سەرکوت دەکات . لەم ڕوانگەوە لە گەڵ هونەر و موسیقا و جوانی و داهێنان دژایەتیی بووە و لە دژایەتی قووڵ لە گەڵ خەڵک سالاری و ئازادیە و هەر کات کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە لە بڕیار و یاساکانی دواکەوتووانە وەک قەساس ، حەد ، بەرد باران ، ئەشکنجە تاکو کوشتن و ئیعدام بە شێوەکانی جۆربەجۆر کەڵک وەر گرتووە . پەرەساندنی سەرەتایی ئەو لە گەڵ هێرش بۆ سەر نیشتمانی نەتەوەکانی‌تر و کوشتنی خەڵکان و نەتەوەکان و لە ناو بردنی فەرهەنگ و کەلتور و شارستانیەتی ئەوان دەستی پێ کردووە . مەزرا و بیناکان و نووسراوەکان و نیشانەکانی شارستانیەتی لە ناو بردووە و زاناکانی کوشتووە و پێشگیری لە پەرساندنی پرۆسەی مێژوویی کۆمەڵگاکانی کردووە و دواین خستووتەوە و لە هێڵی سرووشتی خۆیان لایان داوەتەوە و فەرهەنگی دواکەوتووی خۆی بە سەریان داسەپاندووە و بە سەدان ساڵ بە سەر ئەم وڵاتانەدا حوکمی کردووە . عەرەبەکان بە هاتنیان بۆ ناو ئێران خەڵکیان بە عەجەم

ناو دەبرد ، ژنان و منداڵانیان بۆ کەنیزی و خزمەتکاری خۆیان برد . زۆربەی خەڵکیان بە ناوی کافر کوشت و سامانیان بە تاڵان برد . خۆیان بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانی و مرۆڤەکانیتر وەک کۆیلە و خزمەتکاری خۆیان دەزانی ، خەڵکیان مەجبوور بە قبووڵ کردنی ئائینی ئیسلام کرد و بیرو رای تەوانی تریان بەتوندی سەرکوت کرد . قبورتانیان وەک کتێبی ئاسمانی و نوسراوەکانی تریان ئاگر سەردایک هاتی دروشمەکان وەک : هەر کەس کە گەنم دەروێنێ راستی هەڵدەگرێ و کردەوەی باش ، قسەی باش ، بیر کردنەوەی باش نیشاندەری پێکهاتی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەساسی شێوەی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵی و ئاژەڵ داری بووە و بە هاتنی عەرەبەکان ژێرخانی ئابووری سست و زەبری کاریگەر بە هێزەکانی بەرهەم هێنەر درا و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنان گۆریەوە و دەس رەنجی خەڵک چووە خەزانەکانی خەلیفەکانی ئیسلامیەوە . بە لە ناو چوونی سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان و پەرەساندنی قەیرانەکانی ئابووری و ناکۆکی لە ناو دەزگای خەلیفەکانی ئیسلامی یاخی بوون و راپەرینەکانی قەومی و نەتەوەکان پەرەی ساند و کۆمەڵگای ئیسلامی هەڵوەشایەوە و نەتەوەکان سەربەخۆئیان بە دەس هێنا . لە ئێراندا ئایدولۆژی ئائینی ئیسلام تێکەڵاوی باوەر و کەڵتوری خەڵک بوو و کەڵتوری تێکەڵاوی پێک هێنا . ئایدولۆژی ئیسلامی تێکەڵاو کە خۆی بەرهەمی دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵگا بوو و لە گەڵ پرۆسەی گەشە ساندنی مێژوویی کۆمەڵگا کەوتە دژایەتی . ئایدولۆژی تێکەڵاو نەک نەیتوانی کۆمەڵگا لە قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەرباز بکات بەڵکو کۆمەڵگای تووشی قەیرانەکانی قووڵتر کرد و بێ دەسەڵاتی کرد لە بەرانبەر هێرشی بێگانەکان . لە گەڵ هێرشی مەغووڵەکان بە رێبەری چەنگیزخان و کوشتنی بێ رەحمانەی خەڵک و لە ناو بردنی مەزراکان ، ئاگردانی چوار پێیەکان و . . . ئێران کەوتە ژیر دەسەڵاتی مەغووڵ . مەغووڵەکانی خێمەنشین لە ژێر سێبەری یاسای چەنگیزی دەستیان دایە کوشتن و تاڵان و بۆ جارێکیتر بەرگریان کرد لە بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا و قەیرانی گشتی بە سەر کۆمەڵگای ئەو کاتەیان داسەپاند . بە تێکەڵاوی ئایدولۆژی ئیسلامی لە گەڵ یاساکان و فەرهەنگی مەغووڵی لە دەسەڵاتداری ، خێمە نشینی هاتە ناو بیناکانی قایم و لە گەڵ دەس بە سەر داگرتنی زەویەکانی کشت و کاڵی و چەوساندنەوەی خەڵک ، سیستەمی دەرەبەگایەتیان دامەزراند . نارەزایەتیەکان لە شێوەی زاڵی عەشیرەتی چووە دەرێ و جووڵانەوەکانی خەڵکی و چینایەتی سەریان هەڵدا ، لەمەو بە دوا ئیسلام دوو رۆڵی لە ژیانی سیاسی و ئاڵ و گۆرەکانی کۆمەڵایەتی بینی رۆڵی دیقاع لە دەسەڵاتی داسەپاو و سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک ، لە لایێکی دیکەوە بەشداری لە جووڵانەوەی نارەزایی خەڵکی . ئایدولۆژی



ئیسلامی ( شیعە ) لە کاتی سەفەریەکان بوو بە دەسەڵاتدار . یاسا و بڕیارەکانی ئیسلامی دامەزرا و دەسەڵاتداریان بە ناو شا ناسی . سەفەویەکان دەستیان دایە هێرش بۆ سەر وڵاتانیتر و لە گەڵ دراوسیەکان بە شەڕ هاتن و دەسکەوتێکی زۆریان بە دەس هێنا . لە کۆتائیەکانی دەورانی سەفەویەکان کۆمەڵگا تووشی قەیرانەکانی بەردەوام بوو و دەسەڵاتدارانی یەک بە دوای یەکی سەفەویەکان رووخان و راوێژکارانی ئیسلام ( شیعە ) تووشی لاوازی بوون . مەلا شیعەکان بۆ دارشتنی بەرنامەکان و رێبەری کۆمەڵگای شیعە بنکەکانیان دامەزراند و لەم رێگایەدا بوونی خۆیان لە ژیانی خەڵک ڕاگرت . رێ و رەسمەکانی ئائینی و کەڵتوری خەڵکیان بە دەستەوە گرت و خۆیانیان بە حاکمی شەرع ناو نا . بە زۆر بوونی ئیمام زادەکان زەویە ئەوقافیەکانیان وەرگرت و بە وەرگرتنی خومس و زەکات و بەشی ئیمام و . . . بارودۆخی تابووری و کۆمەڵایەتی خۆیانیان باش کرد . بنکەکانی فێربوونی مەلاکانیان دامەزراند و فێرکردنی ئائینیان بە هۆی دروست کردنی مەکتەب خانەکانەوە بە دەستەوە گرت ، بە بوونیان لە رێ و رەسمەکانی ژن هێنان ، تەڵاق ، ناشتنی مردووان ، عەقدەکان و . . . لە گەڵ بە رێ خستنی ماتەمینی ، خورافەکانی مەزهەبیان لە ناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە و پەرەیان پێدەدا . خۆیان بە رێبەری ئائینی خەڵک دانا . لە گەڵ پەرەساندنی بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی ، خەڵک خوازیاری بەشداری لە دارشتن و بەرێوەبردنی بەرنامەکان بوون و بنیاتە مەدەنی دیموکراتیکەکانیان بە دووری گرتن لە مەلاکان دامەزراند . لە بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی مەلاکان دوو رووئیان کرد .

ئەلف : رخنە کردن بۆ ناو جووڵانەوە و بە دەستەوە گرتنی رێبەری بە هەڵگرتنی ئاڵای مەشرووعە خوازی و شکستی جووڵانەوەی دیموکراتیک

ب : بەشداری راستەوخۆ لە دەسەڵات بە دەرکردنی فتواکانی کوفر و شرک بوون دژی رێبەرانی جووڵانەوە و بە تایبەت مەشرووتە خوازیان بە دوژمنی ئیسلام ناو دەبرد

لە گەڵ پەرەساندنی بزووتنەوە و پێویستی ئاڵ و گۆرە نوێیەکان ، بزاڤە دیموکراتیکەکان پەریان ساند ، روشنبیران بە بڵاوکردنی بڵاوکراوەکان پەرە بە داخوازی و بەرنامە دیموکراتیکەکانیان دەدا و بنیاتە دیموکراتیکەکانیان دامەزراند .

سەرەرای ئەوەی کە بزووتنەوە سەرکوت کرا ، بەڵام ئاسەوارەکانی خۆی بە جێ هێشت و پایەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتیی سست کرد . لە گەڵ سەرکوتی بنیاتەکانی دیموکراتیک و بە سەر کار هاتنی رەزاخان بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی بە کردەوە تووشی شکست بوو ، بە دوای ئەودا بە سیاسەت و بەرنامەی ئیستعمارگەرانەی ئینگلیسی ، رەزاخان توانی هێزی نیزامی پێک بێنی و رێکی بخات و بنیاتەکانی حکومەتی دامەزرێنێ ، رێگا و بانەکان و قوتابخانەکانی نوێ

دروست بکات . لە گەڵ ئیستعمارگەرەکان خەریکی سات و سەودای نهێنی بێت و مەلا ئائینیەکان لە سیاسەت دوور بخات . پەرەساندنی پیشە و کارگەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕ و شارنشینی بۆ جارێکیتر گۆڕینی پەیوەندیەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێویست کرد . ئەم جارە روشنبیرانی لیبراڵ بە مەیلی ئایینی دژی پلانی میللی کردنی سەنعەتی نەوت ڕاوەستان و خوازیاری گۆڕانکاری لە پێکهاتی دەوڵەت و لابردنی رێککەوتننامەکانی ئیستعماری بوون . مەلا ئایینیەکان بۆ جارێکیتر هاتنە ناو مەیدانی خەباتی سیاسی و لە ریگای هاندانی مەزهەبی خەڵک دژی بزووتنەوەی میللی بوونی نەوت نەیانتوانی کارێک بکەن و لە گەڵ کودیتای ئیمپریالیستی ( ئەمریکایی _ ئینگلیسی ) هاتنە مەیدانەوە و لە گەڵ کودیتای نیزامی هاوکاریان کرد . دوای کودیتای ۲۸ی گەلاوێژ و سەقامگیری دیکتاتۆری شا ، بازاری ئێران بۆ هاتنی بەرهەمەکان و کەل و پەلی جیهانی سەرمایەداری کرایەوە . لە گەڵ پەرەساندنی بازرگانی سەرمایەدانان ، بەشی سەنعەتی گرێدراو پەرەی ساند . پرۆسەی پەرەساندنی سەرمایەداری سەر بە دەرەوە تووشی دژایەتی لە گەڵ شێوەی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی بوو و رێژیمی مەجبوور بە گۆرانکاری لە پێکهاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کرد . رێژیمی سەڵتەنەتی بە بەرێوەبردنی ریفورمەکانی زەوی بووە هۆی گۆرانکاری لە پەیوەندیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە قازانجی سەرمایەداری ئیمپریالیستی .

ئەلف: فیئودالیزم و ڕۆڵی دەرەبەگەکان لە ڕەوتی داهاتووی کۆمەڵگا

لە گەڵ بەرێوەبردنی ڕیفورمەکانی زەوی پەیوەندیەکانی داسەپاوی فیئودالیزم لە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا هەڵگرا و پەیوەندیەکانی دەرەبەگ و جووتیار گۆڕا. بەڵام فەرهەنگی دەرەبەگی لە کۆمەڵگا مایەوە . زەویە باشەکان لە دەستی دەرەبەگەکان و بارەگای شا وەک خۆی مایەوە و بە کڕین و زیاد کردنی زەویەکانیتر وەک کۆمەڵە زەویەکانی کشت و کاڵ و باخ و باخات ، لە گەڵ پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەرهات . دەرەبەگەکان بە وەرگرتنی پارە و پوڵ بە شێوەی قستی لە بەرانبەر دانی زەوی بوونە خاوەنی سامانێکی زۆر و لە بازرگانی و پیشەکانی پەیوەندیدار سەرمایەدانان و بورژوازی پەیوەندی دار بە فەرهەنگی دەرەبەگیان پێک هێنا.

ب : جووتیاران

زەویەکانی ئەسپێردراو لە بەرانبەر وەرگرتنی پارە بە شێوەی قست بە جووتیاران درا . لە گەڵ پارچە پارچە بوونی زەویەکان و نەبوونی سەرمایە و ئیمکانات لە بەرانبەر ڕووداوەکانی سرووشتی ڕادەی بەرهەم هێنان دابەزی و زۆربەی جووتیاران بە دەس هەڵگرتن و ئەسپاردنی زەویەکانی خۆیان هاتنە شارەکان و بوون بە قەراخ نشینی شارەکان و خەریکی کارکردن لە کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری بوون .



پ : پیاوە ئائینیەکان و زەویەکانی ئەوقاف دوای ڕیفورمەکانی زەوی

پیاوە ئائینیەکان لە گەڵ ڕیفورمەکانی زەوی دژایەتیان کرد . زۆربەی زەویەکانی ئەوقاف کە سەرچاوەی داهاتی ئەوان بوو لە ڕیفورمەکانی زەوی دوور کەوتن و لە گەڵ پەیوەندیە کۆنەکان بەرێوە دەچوون . پیاوە ئائینیەکان بە دامەزراندنی قوتابخانەکان و پەروەردە کردنی نوێ بە تەواوی و بە پەروەردە کردنی ژنان بە تایبەتی لە قۆتابخانەکان بە توندی دژایەتیان دەکرد . بە دامەزراندنی سوپای زانست و تەندروستی ، پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوە ئائینیەکان لە لادێیەکان سست بوو . بە لە دەس دانی قوتابخانەکان ڕخنەی پیاوە ئائینیەکان زۆر لاواز بوو .

پاش سەرکوت کردنی نارەزایەتیەکانی جۆزەردان پیاوە ئائینیەکان چوون بەرەوە لای بورژوازی توجاری کۆن و وردە بورژوازی . بەشی دابەشکردنی کۆن بوون بە لایەنگری بەرژەوەندیەکانی بورژوازی کۆن .

## دامەزران و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

لە گەڵ بەرێوەبردنی بەرنامەکانی ئابووری بورژوازی پاوانخواز و رێکخستنی سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا . بە کەڵک وەرگرتن لە بووجە و سەرچاوە میللیەکان بە دەس هات و گەشەی چینەکانی کۆمەڵایەتی تووشی ئاڵ و گۆڕ کرد . بازاری مەسرەفی ناوخۆیی کەوتە ئەستۆی دەسکردەکان و داهاتەکانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی . بەرهەمەکانی ناوخۆیی کەوتە بەر هێرش ، نەبوونی پشتیوان لە بەرهەمەکانی ناوخۆیی و داگرتنی پەیوەندی کۆنی بەرهەم هێنان و دابەش کردنی بازاری مەسرەفی ناوخۆیی لە دەستی بورژوازی تازە پێگەیشتوەکان دەرچوو و بورژوازی ئێران نەیتوانی بنکەکانی سینفی و سیاسی پتەو پێک بێنێ و تەنیا دەستی دایە چەند سکالایێک بەرانبەر بە توند و تێژی بورژوازی پەیوەندیدار و بە تێپەر بوونی زەمان ، پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی لە دەس دا . لە گەڵ گەشەی بورژوازی پەیوەندیدار بنیاتەکانی دەوڵەتی بە خێرایی پەرەی سەند . لیبراڵەکان چوونە ناو بەشی دەوڵەتی وەک تەکنوکرات و بوروکرات بە خزمەت بورژوازی پەیوەندیدار دەرهاتن . بە دەرهێنان و رەوانە کردنی نەوتی خاو سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەتی نەوت و بەرهەم هێنان و دابەش کردنی بەرهەمەکانی نەوت و پیشەکانی پەیوەندیدار پەرەی سەند و لە گەڵ پەرەسەندنی ئابووری پیشەکانی پەیوەندیدار گەشەیان کرد . گەشەی پیشەکان و خزمەتگۆزاریەکان بە تایبەت پیشەکانی نەوت بووە هۆی گەشە سەندنی چینی کرێکار . ئەم هێزە لە سەر ئەساسی داهاتی چینایەتی دەستی دایە مانووری سینفی و سیاسی و توانی هیندێک پێکهاتی سینفی پێک بێنێ . لە گەڵ گەشەسەندنی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دەربرینی نارەزایەتی گشتی دەستی پێ کرد . لەو جێگایە کە قۆناغەکانی

سەرەتایی ڕێکخستنیان تێپەر دەکرد نەیانتوانی لە گەڵ ئایدولۆژی چینی کرێکار خۆیان ڕێک بخەن و هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی‌تر لە دەوروبەری بەرنامەیکی ڕێک و پێک ، ڕێک بخات . سەرەرای ئەمەش توانیان بە پەرەپێدانی جوولانەوەکانی دیموکراتیک بزووتنەوەکە رادیکاڵ بکەن .

بەڵام بە شێوەیکی گشتی کەوتنە دوای جوولانەوەی گشتی کۆمەڵگا کە لە دەستی بورژوازی تجاری کۆن بوو . بورژوازی توجاری بووە کارگێری ڕاستەوخۆی بورژوازی پاوانخواز . بورژوازی توجاری کۆن بووە کارگێری دابەشکردنی پاوانخوازە نێونەتەوەیەکان و وردە بورژوازی شاری لە بەشی دابەشکردن بە خزمەتی خۆی گرت . لە گەڵ پێک هاتنی بورژوازی مۆدیرن لە بەشی بازرگانی ، پێویستی گۆڕانکاری لە شێوە و شێوازی دابەشکردن هاتە ئاراوە . بورژوازی مۆدیرن پەیوەندی‌دار لە ڕێگای پشتیوانی دەوڵەتی بە دامەزراندنی بنکە و فرۆشگاکانی گەورە و بە کار هێنانی کرێکاران لە بەشی ئاڵ و گۆڕ پێکردنی کەرەسە توانای دابەشکردنی بە دەستەوە گرت . لە گەڵ بە هێز بوونی بورژوازی پاوانخوازی پەیوەندی‌دار و پەرەسەندنی بوروکراسی دەوڵەتی مەیل بە سەرکوتی دەوڵەتی زیاد بوو . ڕێژیمی دیکتاتۆری شا بە پەرەپێدانی سیستەمی پۆلیسی هەر چەشنە جوولانەوەی دیموکراتیکی بە توندی سەرکوت دەکرد . لە گەڵ پەرەسەندنی پاوانخوازەکان و بوروکراسی دەوڵەتی قەیرانی گشتی لە کۆمەڵگا پەرەی سەند و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دژ بە یەک و لە کۆتاییدا لە بەرانبەر دیکتاتۆری ڕاوەستان . لە گەڵ پەرەسەندنی قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا و سیاسەتەکانی سەرکوتی دیکتاتۆری شا گرووپەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بەرەو لای بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هاتن . بورژوازی کۆن توانی لە ڕێگای وردە بورژوازی و هەستی ئائینی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگا و لە گەڵ ڕێبەری پیاوە ئائینیەکان جوولانەوەکانی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی وە زاڵ هاتوو ڕێک بخات و لە دەستی خۆی بگرێ . لە بەر ئەوەی کە پاوانخوازەکانی جیهانی بە ڕادیکالیزە بوونی جوولانەوە بەرژەوەندی خۆیان لە مەترسی بینی لە گەڵ پیاوە ئائینیەکان و بورژوازی کۆن سەودایان کرد و لیبراڵەکان بوون بە دەلاڵی نێوانیان و لە گەڵ پڕوپاگەندی بەربلاو لە دەزگاکانی هەوالنێر بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی جوولانەوە و بە مەبەستی بە دەسەڵات گەیشتنی پیاوە ئائینیەکان و بورژوازی کۆن لیبراڵە مەزهەبیەکان هەوڵی دا . بەم شێوەیە پیاوە ئائینیەکان و بورژوازی کۆن توانی بگاتە دەسەڵات و هێزەکانی سەرکوتگەر ڕێک بخات . و ڕێژیمێک سەر تا پێ و پڕ لە دژایەتی دامەزرێنێ و هەر ڕۆژ تووشی دژایەتیەکانی نوێ و بێ چارەسەر بێت .

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە سێ دەورەی دە ساڵە دەتوانین دابەش بکەین :



**دە ساڵەی یەکەم لە ساڵی ١٣٥٨ تاکو ١٣٦٨**

هاوکات لە گەڵ جوولانەوەی گشتی ، دامەزراوە دیموکراتیکە خەڵکیەکان بە شێوەیکی فراوان پەرەیان سەند . ڕێکخراوە سیاسیەکان دەستیان دایە چالاکی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا . پێکهاتە کرێکاریەکان وەک شووڕا ، سەندیکا ، سندووقەکانی بێکاری و کومیتەکانی جۆراوجۆر لە سەنعەتی نەوت و کارخانەکان و بنیاتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری دامەزران .

زەحمەتکێشانی شار و لادێ لە شووراکان ڕێکخران و بۆ بە دەس هێنانی داخوازیەکانیان دەستیان دایە جوولانەوەی دیموکراتیک . شووراکان توانیان ڕۆشنبیران بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن . بزووتنەوەکانی جووتیاری لە ژێر کاریگەری شووراکان بوون و بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلانیش بێ بەش نەبوو لە کاریگەری بزووتنەوەی شووراییی . شووراکان بە هۆی نەبوونی تیئوری و بەرنامەی بە هێزیان نەیانتوانی ڕێبەری خەباتی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک بە دەستەوە بگرن و سەرکوت کران . بورژوازی توجاری کۆن بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئائینی و بە دروشمی ئازادی و ئیسلام و حکومەتی بێ بەشان بەڵێنی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسیی ، دەدا . بە رووخانی دیکتاتۆری شا و گۆڕانکاری سیاسی ، خەڵک بە دوای پیاوە ئائینیەکان ڕۆیشتن .

پیاوانی ئائینی و سەرکردەکانی بازار بە ناسینی خواست و مەیلی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خەڵک و پێکهاتی مەزهەبی کۆمەڵگا ، جوولانەوەی خەڵکیان لە چوارچێوەی مەزهەب دانا و خستیانە ژێر ڕێبەری خۆیان . و جوولانەوەکانی جیا لەو چوارچێوەی ڕێبەری پیاوە ئائینیەکاندا بە ناو کوفر و مونافیقانە بە خەڵک ناساند .

پیاوە ئائینیەکان بە دانی دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا لە بەرانبەر دروشمی لە ناو چوونی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا توانی هەر چەشنە جوولانەوەیەکی شۆڕشگێرانە و دیموکراتیک و ئازادی بیر و بۆچوون و بڵاوکراوەکان بە ناو ئامریکایی بناسێنی ، لە بزووتنەوەی دیموکراتیکی خۆدموختاری گەلی کورد وەک پیلانی دوژمنانی ئیسلام ناو ببات و بەشێکی گەورە لە کۆمەلانی خەڵک بۆ سەرکوتی جوولانەوەکان هان بدات و لە بەرانبەر یەکتر بە شەڕیان بدات . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش ڕێکخستنی هێزەکانی ئەرتش و میلیشیای خۆی ، هێرشی خۆی بۆ سەر پێگەکانی شۆڕش بەم شێوەیە بەرێوە برد :

**ئەلف : بڵاوکراوە و دامە زراوە دیموکراتیکەکان**

ڕێژیم ڕۆڵی دامەزراوە دیموکراتیک و بڵاوکراوەکان بە باشی دەزانی . شووراکان وەک بنیاتێکی خەڵکی لە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک بەهرەمەند بوون . لە گەڵ پەرەسەندن و بڵاوبوونی

بڵاوکراوەکان ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵك چووە سەر و پەیوەندی بنیاتەکانی دیموکراتیك لە گەڵ چەپی شۆڕشگێر ، ڕێژیمی خستە مەترسی لە ناو چوون و لە گەڵ پەرەسەندنی شووراکان بەکردەوە دوو دەسەڵات دامەزرا . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە هێرش کردنەوە بۆ سەر بڵاوکراوە و دامەزراوە دیموکراتیکەکان بە تایبەت شووراکانی شۆڕشگێر و بۆ بەرگری کردن لە ڕەوتی پەرەسەندنی شوورا و دامەزراوە دیموکراتیکەکان دوو بەرنامەیان بەرێوە برد .

گۆرینی ناو و دارشتنی پەیرەوی و دامەزرانی پێکهاتەکانیتر . . .

١_ شووراکان کە پەرەیان دەگرت بە بێ بەرنامە و پەیرەوی ڕێك و پێك بوون و کاریان لە ژێر کاریگەری کەش و هەوای گشتی و داخوازیەکانی سنووردار و کاتی بوو . لە سەر ئەم ئەساسە ڕێژیم بۆ بە دەستەوە گرتنی شووراکان دەستی دایە دارشتنی پەیرەو و بەرنامە و بە گۆرینی ناو و زیاد کردنی دواناوی ئیسلامی ، یەکێك لە گرینگترین دامەزراوە دیموکراتیەکانی هەڵوەشاندەوە و لە ڕێگای ڕخنەی ڕاستەوخۆ ڕێبەری شووراکانی لە دەست هێزەکانی شۆڕشگێر وەدەر هێنا .

لە گەڵ بە هێز بوونی بەرێوەبەرایەتی و دامەزرانی ئەنجوومەنەکان ، بنکەکانی ئیسلامی و . . . لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتی و کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری ، کونترۆلی بنیاتەکانی بە دەستەوە گرت . لە زانکۆکان ، دامەزراوەکانی فێرکردنی بالا و قوتابخانەکان بە دامەزرانی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی تێ دەکۆشی تاکو دژی یەکیەتی و بنکەکانی دانشجوویی و قوتابیان بەربەرەکانی بکات .

بورژوازی توجاری کۆن بە ڕێبەرایەتی پیاوە ئائینیەکان و بە یارمەتی لیبرالەکانی مەزهەبی توانی کۆلەکەکانی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و بە سەقامگیری یاسای ئەساسی خۆی ، ستوونەکانی حکومەتی مەزهەبی دروست بکات و شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی بەلارێ ببات . لە گەڵ دەس بە سەر داگرتنی بالوێزخانەی ئەمریکا لە ساڵی ١٣٥٨ لە لایەن دانشجوویانی پەیرەوی خەتی ئیمام و ڕێبەری ئەو لە لایەن موسەوی خووئەینیها ، لیبرالەکانی لە دەسەڵاتی بەرێوەبردن لا برد و هێرشی خۆی دژی بنکەکانی دژی ئیمپریالیستی دەست پێ کرد . نوێنەرانی شوورای کارخانەکان و . . . بە تومەتی دژی شۆڕش ، کافر ، ئەمریکایی ، و . . . گرت و ئەزیەت و ئازار و ئەشکنجەیان دا ، هێندێکیان زیندانی و یان لە سەر کار دەر کرد و کارخانە و دامەزراوەکانی و . . . بە هۆی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامیەوە خستە ژێر ڕەکیفی خۆی . هێرشی بردە سەر بڵاوکراوەکان ، و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی شۆڕشگێر و دیموکراتی داخست ، نووسەر و روشنبیرانی گرت و زیندانیان کرد . بە دانی دروشمی شۆڕشی فەرهەنگی لە گوڵانی ساڵی ١٣٥٩



هێرشی بردە سەر زانکۆ و قوتابخانەکان و بنکە و بڵاوکراوە دیموکراتیەکەکانی بە گرتن و کوشتنی دانشجووەکان و ئەندامانی چالاکی جووڵانەوەی سەرکوت کرد . و لە دواییدا هێرشی خۆی دژی شۆڕشی خەڵکی توندتر کرد .

ب : شەڕی دواکەوتووانەی ڕێژیمەکانی ئێران و عێراق . ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوە و پەرەپێدانی ئایدولۆژی ئیسلامی دروشمی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو . و لە جووڵانەوەکانی ئیسلامی بە تایبەت گروپەکانی ئیسلامی شیعە لە ناوچەکانی موسڵمان نشین پشتیوانی کرد . لەم ڕێگایە بە مەبەستی پەرەپێدان و گەورە کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی تێ دەکۆشی . دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی و حکومەتی جیهانی ئیسلام بە دەس پێکردنی شەڕ لە نێوان ڕێژیمەکانی عێراق و ئێران لە خەرمانانی ١٣٥٩ چووە قۆناغێکی تازەوە . بەردەوامی دروشمی ڕێگای قودس لە کەربلا تێپەر دەبێ ، خەڵکی تووشی شەڕێکی گەورە کرد کە خوازیاری نەبوون و بەپروپاگەندی مەزهەبی ئاگری شەڕی خۆشتر دەکرد و شۆرش لە هێڵی ئەسڵی خۆی بەلارێ برد . سەرکردە و تیئوریسیەنەکانی ڕێژیم بە یارمەتی پیلانگرانی دەرەوە بەرنامەکانی خۆیان بە شێوەی خوارەوە بەرێوە برد .

١ _ ڕێکخستن و کۆکردنی هێزەکانی سەرکوتگەر .

لە راپەرینی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ ماشینی شەڕکەری دەوڵەتی زەبرێکی گەورەی لێ کەوتبوو و ورەی جەنگی و ڕێکخستنی خۆی لە دەس دابوو . ڕێژیم بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ماشینی جەنگی کۆن ، ئورگانەکانی نیزامی نوێ لە گەڵ پەروەردە کردنی ئایدولۆژیکی ئیسلامی پێك هێنا ، بە کۆبوونی کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی و لە کۆتاییدا لە هێزەکانی ئینتیزامی و پێك هێنانی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی و لە گەڵ ڕێنوێنی ئایدولۆژی ئیسلامی پەرەی بە دەسەڵاتی نیزامی خۆی دا .

٢ _ سەرکوت کردنی بڵاوکراوە و ئازادیەکانی سیاسی .

ڕێژیم بە زانیاری لە دروشمی ئیستعماری ، ناکۆکی نانەوە و حکومەت کردن ، سانسوری توندی بە سەر بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنە گشتیەکان داسەپاند و بە زانیاری درۆ و هەڵە و هاندەرانە ناکۆکی و جیایی لە نێو خەڵك پەرەپێدا . لە گەڵ ڕێکخستنی گروپەکانی میلیشیای سەرکوتگەر بە ناو حێزبوڵلا هێرشی بردە سەر بلاًوەکراوەکان و ئازادیخوازان . دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی داخست و ئازادیخوازانی سەرکوت و روشنبیرانی خانەنشین و یان راو نا ، بڵاوکراوەکانی رێکخراوە شۆڕشگێر و دیموکراتەکانی نایاسایی و هەڕەشەی کوشتنی لە ئەندامانی

چالاکی ئەوان دەکرد . رادیو و تەلەفزیون و رۆژنامە و بڵاوکراوەی خستە ژێر کۆنترۆڵی ستادی فەرماندەیی شەڕ و پارازیتی خستە سەر شەپۆڵی رادیوەکان .

٣ _ هێرش بۆ سەر دامەزراوەکانی دیموکراتیکی ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکان .

هاوکات لە گەڵ دەس پێکردنی شەڕ شووراکان ، ئەنجوومەنەکان ، بنکەکانی شۆڕشگێر و دیموکرات کەوتنە بەر هێرش و ئەندامانی هێزەکانی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر و دیموکرات زیندانی و ئیعدام کران . بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان کەوتە بەر هێرشی بێ رەحمانە و سەرکوت کرا . ماڵ و سامانیان بە تالآن چوو ، ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە دەستەکانی ئیعدام سپێردران و شار و لادێەکان وێران کران . بە ناساندنی کوردستان وەك ناوچەی شەڕ پێگەکانی ڕێکخراوەکانی چەپی شۆڕشگێر و دیموکرات کەوتە بەر هێرش و پێگەی گرینگی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران سەرکوت کرا . بە تووند بوونی هێرشی سەرکوت لە ساڵی ١٣٦٠ بۆ سەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك دەورێکی تازە لە سەرکوت دەستی پێ کرد و بە هێنانی هێزەکانی نیزامی و ئینتیزامی بۆ شەقامەکان و بە کەڵك وەرگرتن لە حێزبوڵلا و گرتنی خەباتگێران و موجاهیدین دیکتاتۆری مەزهەبیی دامەزراند . هەروەها بە ئیعدام و کوشتاری زیندانیەکان کەش و هەوای ترس و تۆقاندنی خستە ناو کۆمەڵگا . ڕژێم لە پشت پەردەی شەڕی دواکەوتووانەی توانی جووڵانەوەی دیموکراتیکی خەڵك و ڕەوتەکانی شۆڕشگێر بە توندی سەرکوت و هێزی ڕێکخستنی ئەوان تێك بدات و جووڵانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی بۆ ساڵەها ڕاوەستێنێ .

## بارودۆخی ئابووری

پاش رووخانی دیکتاتووری شا و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی رێك و پێك ، سەنعەتە بچووك و هاو بەشە بەرهەم هێنەر و دابەشکردنەکان دەستیان دایە چالاکی و هێزی چالاکی کۆمەڵگا هاوبەش بوون لە چالاکیەکانی ئابووری و سیاسی . دوو جۆرە بەرێوبەرایەتی دەوڵەتی بەرنامەی دیاریکراو ، ڕاوەستانی ئابووری کۆمەڵگا تووشی قەیرانی قوول کرد . بورژوازی توجاری کۆن پاش بە دەسەڵات گەیشتنی ، هێرشی کردە سەر دابەشکردنی پێشکەوتوو و فرۆشگاکانی دابەشکردن و بە دەس بە سەر داگرتنی سامان و ئیمکاناتەکان ، دابەشکردن لە کۆمەڵگا بە دەستەوە گرتن و بە دامەزراندن و هاندانی بە مەبەستی زۆرتر کردنی ڕادەی دوکانەکانی دابەشکردن بە شێوەی کۆن داسەپاند . لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی هەموو بازرگانی لە ڕێگای وزارەتی بازرگانی و بازاری توجارەتی ناوخۆ و دەرەوەی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی . بە بەرهەمەکانی وڵاتانی دەرەوە بازاری ناوخۆیی پڕ کرد و ئیمکاناتی ماڵی بۆ توجارەت دابین کرد



و سەنعەتەکانی تووشی قەیرانی قووڵ کرد و رایان وەستان . بە دەس پێ کردنی شەڕی دواکەوتووانەی رێژیمەکانی عێراق و ئێران ، کارخانە و بنیاتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری بۆ شەڕ تەرخان کرا و وەك ئیمکاناتی پشتی بەرەی شەڕ دەرهاتن ، هندێکیش بوونە ئەمبارەکانی شاردنی کەل و پەل رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمکاناتی مادی و هێزی لە بەر دەستی سەرمایەکانی پاوانخوازی نێونەتەوەیی و شەبەکەکانی مافیایی توجارەتی کەل و پەلی شەڕی دانا و لە لایێکی دیکەوە مافیای مالی سەرکردەکانی رێژیم و ژنرالەکانی نیزامی لە رێگای وەرگرتنی قازانجی زۆری کرین و فرۆشتنی چەك و چوڵ و تەقەمەنی دامەزرا . لە گەل پەرەگرتنی شەر و بومبارانی ناوچە سەنعەتی و کارخانەکانی بەرهەم هێنان و شارەکان ، قەیرانی گشتی هەموو کۆمەڵگای لە بەر گرت و سەنعەتەکانی نەوت و گاز و پەتروشیمی و ماشین سازی و . . . زیانێکی گەورەی بینی و زۆربەیان لە خەتی بەرهەم هێنان دەرچوون . کشت وکاڵیش تووشی گرفتی ماڵی و کود و ئامرازی کشت و کاڵ بوو ، لە ناوچوونی شەبەکەکانی ئاودێری و جۆگەکێش و نەبوونی کۆنترۆڵ و گەیاندنی ئاو و ناردنی هێزەکانی چالاکی ئەم بەشە بۆ بەرەکانی شەڕ ، کشت و کاڵی تووشی ڕاوەستان کرد . و تەنانەت کارخانە و کومپانیاکانی بەرهەم هێنان کە زۆربەیان بە مەبەستی مەسرەفی و بۆ ئامانجەکانی سەرمایەی توجاری دامەزرا بوون ، تووشی قەیران بوون و هێندێکیان داخران .

رێژیم لە کۆتایی دەیەی یەکەم :

لە گەڵ بەردەوام بوونی شەڕ قەیرانی قوول لە کۆمەڵگا پەیدا بوو و رێژیم لە تەنگەژە کەوت چی‌تر لە بەسیجی ملیونی بۆ بەرەی شەڕ خەبەرێك نەبوو . هەواڵەکانی بەرەی شەڕ نائومێدکەر بوو و خەبەر لە هەڵاتنی سەربازەکان لە گۆرەپانی شەڕ دەدا . ئاوارە بوونی ملیونەها کەس ، کاول بوونی شارەکان و دامەزراوەکانی سەنعەتی ئاکامی شەڕ بوو . خەزانەی دەوڵەت چۆڵ بوو . لە ئاکامی گشتی نارەزایەتی خەڵکی دژی شەڕ بە توندی پەرەی ساند . قبووڵ نەکردنی بەردەوامی شەڕ لە لایەن بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی توانای شەڕی لە رێژیم ساندەبوو . لەگەڵ پەرەساندنی دژایەتیەکانی هەیئەتی دەسەڵاتدار ، سەرئەنجام رێژیم بە قبووڵ کردنی بریارنامەی ٥٩٨ ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان جامی زەهری خوارد . رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەکانی ، بارودۆخی نە شەڕ و نە ئاشتیی ڕاگرت تاکو خۆی لە گەڵ هەل و مەرجی نوێ و بە شێوەی خوارەوە رێك بخات :

١ . تێکەڵاوی و کۆکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات و رێکخستنی ئەوان .

٢ . سیاسەتی دەرەوە ودروشمی تەبلیغی ناردنی شۆڕش

٣ . نوژەن کردنی ئابووری و پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا .

٤ . بەرگری لە جووڵانەوەی گشتی و سەرکوتی ئەوان .

**١ـ تێکەڵاوی و کۆکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات و ڕێکخستنی ئەوان :**

زۆر بوونی ناوەندەکانی بڕیاردەر یەکێک لە گرفتەکانی سەرەکی ڕێژیم بوو و پێویستی بە کۆکردن و ڕێکخستنێک بوو کە بتوانی هێزەکانی جێگای متمانەی خۆی بە دامەزراندنی لە ناوەندێکی فەرماندەیی ڕێک بخات و ئورگانەکانیتریش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئەم دەزگایە هێزەکانی نیزامی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی فەرماندەیی ڕاستەوخۆی خۆی . سەرکردەکانی ڕێژیم بە گشتی ئۆتۆریتەی خومەینیان قبووڵ کرد و بە بوونی کۆکردنی دەسەڵات و ڕێکخستنی سیستەمی دەوڵەت تووشی گرفتی جیددی دەبوو . لە سەرەتاوە ڕێبەری ڕێژیم بەرواڵەت دەیویست ، بڕیارەکانی ناسراوی جیهانی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی جێبەجێ بکات . پاشان ئۆتۆریتەی مەزهەبی داسەپێنێ و بکاتەی یاسا . لەم حاڵەدا ڕێژیم پێویستی بوو بە هەڵسەنگاندن و ئاڵ و گۆڕی یاسای ئەساسی ، بە شێوەیێک کە ئەرکی ئەسڵی و جێگا و شوێنی بنیاتەکانی نوێ دیاری بکرێ و ئەوانەی پێویست نین لابربدرێن . ئەم ئاڵ و گۆڕانە بە بێ ئۆتۆریتەی خومەینی جێ بەجێ نەدەکران و ڕێژیم دەبۆایە ئەم ئاڵ و گۆڕانەی لە کاتی ژیانی خومەینی ئەنجامی بدایە . شووراى پێداچوونەوەی یاسای ئەساسی بۆ ئەنجام دانی ئەم ئاڵ و گۆڕانە پێک هات و لە یەکەم قۆناغدا سەرەوەی سێ گۆشەی ئەسڵیٚ واتە وەلایەتی فەقیح دەسەڵات و بەرپرسایەتی ئەو دیاری کرا ، فەرماندەی گشتی هێزەکانی چەکدار و لابردن و دانانی فەرماندەکانی سەرەوەی ئەم هێزانە لە ئەستۆی وەلی فەقیح دانرا . بە لە بەر چاوگرتنی دژایەتی پیاوە ئائینیەکان و بۆچوونەکانی جۆراوجۆر لە ئایدولۆژی ئیسلامی لە سەر ئەساسی نوێنەرایەتی توێژەکانی بورژوازی ، بۆ چارەسەری ناکۆکیەکانی داهاتوو ، هەڵبژاردنی وەلی فەقیح لە ئەستۆی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری دانرا . لە شووراى پێداچوونەوەی یاسای ئەساسی ، شووراى پاراستنی یاسای ئەساسی وەک خۆی مایەوە و بە دەسەڵاتی ئەو زیاد کرا . نوێنەرانی مەجلیسی خوبرەگان لە نێوان پیاوانی ئائینی ( ئیسلامی ) و خاوەن بەڵگەنامەی مەکتەبخانە ئائینیەکان و کفالەتی دوو کەس لە فەقیحە گەورەکان و لە کۆتاییدا پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ئەوان لە لایەن شووراى پاراستنی یاسای ئەساسی و لە ژێر چاوەدێری وەلی فەقیح ئەنجام دەدرێ . پاش ڕاگەیاندنی ناوی کاندیداکان ، هەڵبژاردن دەکرێ و لەم نێوانەدا ٧٥ کەس وەک نوێنەر هەڵبژێردرێن و ئەرکی ئەسڵی ئەو هەڵبژاردنی ڕێبەر ( وەلی فەقیح ) لە نێوان پیاوانی ئائینی پلە بەرزی ڕێژیمە . حکومەتی ئیسلامی بۆ یاسایی کردنی سیستەمی خۆی پێویستی بە هێزی جێ بەجێ کردنی ڕێک خراو و ناسراو و



فەرمانبەر بوو . لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردن پلەی سەرۆک وەزیرانیان لا برد و سەرۆک کۆماریان ڕاستەوخۆ وەک بەرزترین ئورگانی جێبەجێ کردن دانا . و لە ڕێگای پێک هاتن و بە پەسەندکردنی شووراى پاراستنی یاسای ئەساسی خرایە بەر هەڵبژاردنی گشتی ، بە قبووڵ و پەسەندکردنی وەلی فەقیح ، سەرۆک کۆمار بەڕێوەبەری هێزی جێبەجێ کردن بە دەستەوە بگرێ . سەرەرای دژایەتیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم و سیاسەتی دوو لایەنە ، ئورگانی بە هێز بۆ چارەسەری گرفتەکان پێویست بوو . هەر بۆیە شووراى بڕیاردەری بەرژەوەندی نیزام ( دەسەڵات ) لە ژێر چاوەدێری ڕێبەری پێک هات .

**١ـ دروشمی تەبلیغی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە :**

دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ بەلارێ بردنی بزووتنەوەی ناوخۆیی و خەون و خەیاڵی خەلیفەگەری هەموو جیهانی ئیسلام و ئاژاوە خستن لە ناوخۆی وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت وڵاتانی موسڵمان دەدرا . ناوەڕۆکی هێرش خوازانەی ڕێژیم بە پێ داگرتن لە سەر بەردەوام بوونی شەڕی دواکەوتووانە ئاشکرا بوو و لە گەڵ شکستی ڕێژیم لە شەڕدا بە دەم با چوو . لە سەر ئەساسی بارودۆخی نوێ . ڕێژیم دوو بەرنامەی بۆ خۆی دارشت .

**ئەلف ـ بە هێز کردن و پێک هێنانی ڕێکخراوەکانی مەزهەبی لە وڵاتانی موسڵمان :**

لە گەڵ بە هێز کردن و یارمەتی مادی و مەعنەوی بە ڕێکخراو و ئەحزابی ئیسلامی بە تایبەت مەزهەبی شیعە ، بوونی خۆی لە وڵاتانی ئیسلامی نیشان دا ، و بە هۆی ئەوان بەرنامەکانی خۆی جێ بە جێ دەکرد .

**ب ـ دانی یارمەتیەکان و ئیمکانات بە گروپەکانی بەرهەلەستکار لە وڵاتانی جۆراوجۆر :**

ڕێژیم بۆ ڕخنە و سیخۆری و ئاژاوەکانی ناوخۆیی و بۆ نائارامی خستنەوە بە دروشمی دیفاع لە بێ بەشان و بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەر ، ڕێکخراو و ئەحزابەکان بە بۆچوونی جۆراوجۆری خستە ژێر چەتری پشتیوانی خۆی . بە ئیمکاناتی ماڵی و نیزامی و فێرکردنی نیزامی لە ناوخۆی وڵات ، ئەوانی بە هێز کرد ، تاکو وڵاتانیتر نائارام و دەسەڵاتی ناوەندی ئەوان لاواز بکات .

**پەیوەندی لە گەڵ دونیای ڕۆژ ئاوا و بابەتی مرۆڤـ :**

شۆڕشی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیکی خەڵکی ئێران هێرشی خۆی دژی دیکتاتۆری و ڕێککەوتنەکانی ئیمپریالیستی دەستی پێ کرد و خوازیاری گەشە و پەرەسەندنی سەنعەت و بەرهەم هێنانی ناوخۆیی و کۆنترۆڵی بازاری ناوخۆیی بوو . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جم و جوڵ و دروشمەکانی لە سەر ئەساسی بەلارێ بردنی شۆڕش و سەرکوتی بنیاتەکانی دیموکراتیک و هێزەکانی شۆڕشگێر جێ بەجێ کرد . بە پێ سیاسەتی ناوخۆیی دروشمەکانی سیاسەتی دەرەوەی

دارشت . ئەمریکای بە شەیتانی گەورە و بە هێرش بردنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا ، دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکای کردە ئەساسی سیاسەتی دەرەوەی خۆی . لە گەڵ هەڵویست گرتنی دژی سەڵمان روشدی و کتێبەکەی و دانانی پاداش بۆ لە ناو بردنی ئەو ، سیاسەتی دژی بیر و بۆچوونی بۆ موسڵمانانی جیهان نیشان دا . لە گەڵ قەیرانی پەرە ئەستێنەری شەڕ و سەرکوتی هێزەکانی شۆڕشگێر ، چیتر دروشمەکانی مەرگ بۆ ئەمریکا و . . . کاریگەری خۆی لە سەرکوتی ناوخۆیی لە دەس دا و بوون بە ئامرازی باڵەکان لە بەرامبەر یەکتردا .

سەرەرای ئەمە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی سەرکەوتوو بوو لە هێندێک رێککەوتننامەی کاتی . ئالای ئەمریکا لە ژێر پێی پاسدارەکان کۆ کرد و دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا کەم رەنگ و لە دروشمەکانی ئەساسی لابرا . پەرەپێدانی وت و وێژەکانی نهێنی لە گەڵ ئەمریکای لە دەستوری کاری خۆی دانا .

رێژیم بەرنامەکانی خۆی لە سەر ئەساسی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ولاتانی سەرمایەداری ئوروپایی دانا و خوازیاری پەرەپێدان و باشتر کردنی پەیوەندی ئابووری بوو و هێندێک یاسای لەم بوارەدا پەسەند کرد . هێندێک ڕاسپاردەی بۆ ولاتانی ئوروپایی رەوانە کرد و موژدەی ئاڵ و گۆری گشتی لە بەرنامە و پێکهاتی حکومەتی لە داهاتووی نێزیک دا . ولاتانی ئوروپایی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری و سیاسی لە گەڵ گرفتی بۆچوونی گشتی کۆمەڵگاکانی خۆیان لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران رووبەروو بوون . مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بابەتێکی ئاشنا و هەروەها زۆر ئاڵۆزە و لە ناو بۆچوونی گشتیدا خاوەن گرینگێکی تایبەتیە. بە شێوەی کە دەسەڵاتداران بۆ گەیشتن بە ئامانج و قازانجی خۆیان لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنەکان لە مافی مرۆڤ وەک ئامرازێک کەڵک وەر دەگرن . بەم شێوە بابەتی مافی مرۆڤ هێندێک جار یەکێک لە بابەتە گرینگەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ولاتانی رۆژئاوا دەژمێردرێ و ولاتانی رۆژئاوا مەجبوور بە وەڵامدانەوە بە بۆچوونی گشتی دەکات . حکوومەتی مەزهەبی لە ئێران لە گەڵ سەرکوتی سەدەکانی ناوەراست و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەسەڵەیێکی گەورە لە سەر بۆچوونی گشتی دونیای رۆژئاوا خوڵقاندووە و پاساودانی کردەوەی ئەو بۆ ولاتانی رۆژئاوا سەخت و دژوارە . ولاتانی رۆژئاوا بە سەرنج دان بەم مەسەڵەیە خوازیاری گۆرانکاری لە وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران بوون . سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئاشنا بوون لە دەسەڵاتدارانی ولاتانی سەرمایەداری وت و وێژکانی پشتی پەردەیان پەرەپێدا و بۆ تێپەرین لەم گرفتە رێگای درێژە پێدان بە وت و وێژەکانی نهێنی و ڕاستەوخۆیان پیشنیار کرد . لە گەڵ ئاشکرا بوونی وت و وێژە نهێنیەکان رێسوائێکی نیونەتەوەیی بۆ سەرمایەداری رۆژئاوا بوو . بە پێ ووتەکانی هاشمی



رەفسنجانی یەکێک لە رێبەرانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ، گرفتی دەسەڵاتداری رۆژئاوا سەبارەت بە مافی مرۆڤ زەختی بۆچوونی گشتی‌یە نەک خواستی ئەوان ، رۆژئاوایەکان دەڵێن گرفتی مافی مرۆڤ لە ئێران بە شێوەیەک چارەسەر بکەن کە شیاوی پاساودان بۆ بۆچوونی گشتی بێت . بە پێ ووتەکانی هاشمی دەتوانین ئەم ئاکامەی خوارەوە بە دەس بێنین .

یەکەم بکوژە و لە ناو ببە ، دووهەم بڵێ دووپات نابێتەوە .

**۳- نۆژەن کردنی ئابووری و پەیوەندی لە گەڵ ولاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا**

سەرەرای فراوانی وێرانیەکانی شەڕی دواکەوتووانە و بێ هێزی رێژیم لە نۆژەن کردن و نەبوونی پلان و بەرنامەی دیاریکراو ، رێژیمی ناچار کرد لە سەر پەیوەندیەکانی دەرەوەی پێداچوونەوەی بێت و روو بکاتە ولاتانی رۆژئاوا . خوازیاری پەیوەندی بەربڵاو لە گەڵ ولاتانی رۆژئاوا بوو و هەروەها وت و وێژی نهێنی لە گەڵ ئەمریکای لە دەستوری کاری خۆی دانا . بە وت و وێژ لە گەڵ سەندووقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی بۆ بە دەس هێنانی قەرز قبووڵ کردنی مەرج و بەرنامەکانی ئەوان پەیوەندی خۆی پەرەپێدا . لە گەڵ بانکەکانی ئوروپایی کەوتە وت و وێژ کردن . بە گۆرینی سیاسەتی دەرەوەی لە دروشمەکان و ڕۆڵی نەوتی خاو ناردنەوە لە گەڵ ولاتانی ئەندامی ئۆپێک بە تایبەتی عەرەبستان و کوێت چووە قۆناغی پەیوەندی باش لە گەڵ ئەواندا ، لە گەڵ کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی کریاری نەوت دەستی دایە وت و وێژ کردن .

**٤- بەرگری لە جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی و سەرکوتی ئەوان**

گرینگترین فاکتەر لە هاوسەنگی سیاسی ئێران ، نارەزایەتی و جووڵانەوەکانی کۆمەڵایەتی بووە و هەر بۆیە سەرکوتی جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان لە گرینگێکی تایبەتی بەرهەمەندە . زۆربەی هێزەکانی بەشدار بوو لە شەڕی دواکەوتووانەی ، کۆمەڵانی مەزهەبی لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون ، بە بوونی هەل و مەرجی گرانی و قەیران و نەبوونی وەڵام بۆ داخوازیەکانی ئەوان جیابوونەوەیان لە دەسەڵاتی بە هێز و جووڵانەوەی نارەزایەتی ئەم گروپە و تەنانەت هێزەکانی نیزامیش لە بەر دەگرێ . رێژیم بە ئاشنا بوونی لە گەڵ ئاوا بارودۆخێک بەرنامەی کاتی نە شەڕ و نە ئاشتی بە شێوەی خوارەوە داڕشت .

**ئەلف- کۆنترۆڵی جووڵانەوەی نارەزایەتی نارەزایەکان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دوای شەڕ**

زۆربەی لایەنگرانی رێژیم کە لە مەودای شەڕ زیانیان پێ گەیشتە بوو کەس و کاریان فەوتا بوون و یان کەم ئەندام و یان دیل کرا بوون ، رێژیم ئەمانەی خستە ژێر چەتری بنیات و دامەزراوەکانی جۆراوجۆر وەک بنیاتی شەهید و موستەزعەفان و جانبازان( کەم ئەندامان ) .

هێندێکیان لە ناو هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی و بەسیج کۆ کرد و هێندێکی‌تریان بە بورسیەکانی پەروەردە و پەروەردە کردنی بالا و دەزگاکانی حکوومی و دامەزراوەکانی پەیوەندی دار لە گەڵ رێژیم مەشغوڵ کرد و ئەم هێزانەی لە جەستەی رێژیم ڕاگرت .

ب- جوولانەوەی نارەزایەتی نارەزایەکان

زۆرتر لە دوو ملیون ئاوارەی شەڕ و ماڵ وێران بووەکان لە ئاکامی بوردمانەکان و . . . گرفتێکی سەرەکی بۆ رێژیم دەژمێردرا . ئەو ئاوارانەی کە بە رەنجی دەربەدەری تووش بوون و لە گەڵ فەرهەنگی تەبلیغاتی دواکەوتووانەی رێژیم لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە رێژیم دوور دەکەوتنەوە و دەبوون بە مەرکەزی قەیران دژ بە رێژیم . جوولانەکانی نارەزایی ئاوارەکانی شەڕ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەگرت . لە لایێکی دیکەوە رێژیم لە گەڵ گرفتی نۆژەن کردنی فێرگەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان و . . . ڕووبەروو بوو . کۆماری ئیسلامی ناچار بە وەڵامدانەوەی گرفتی ئاوارەکانی شەڕ و ئەو کەسانەی کە لە ناوچەکانی شەڕ زیانیان پێ گەیشتبوو هەبوو ، دەستی دایە نۆژەن کردنی ناوچەکانی شەڕ و هێندێک لە گرفتی جێگیر کردنی ئاوارەکان لە رێگای قەرزی بانکی چارەسەر کرد . ئاسەوارەکانی شەڕ کۆمەڵگای سەقەت کردە بوو ، زۆربەی سەنعەت و کارخانەکان وێران بوون و سەنعەتەکانی نەوت زیانی گشتی لێ کەوتبوو ، بێکاری و هەژاری سێبەری نکبەت باری خۆی بە سەر هەموو زەحمەتکێشان داخستبوو . کشتوکاڵیش بەرەو لە ناو چوون دەچوو ، زۆربەی زەویەکانی کشتوکاڵی لە ناو چوو بوو یان ببوونە گۆڕەپانی شەڕ . شەبەکەکانی ئاودێری و ئاو گەیاندن زیانی گشتیان لێ کەوتبوو و کۆنترۆڵی ئاوەکانی لە بیر چوو بوو . هێزەکانی بەرهەم هێنەر لە خزمەتی شەڕ دانرا بوون . گرفتی ئابووری و نەبوونی سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەت و کشتوکاڵ پەرەی بە گرفتی بێکار دا و تووشی قەیرانی بێ چارە سەری بێکاری کرد .

پ- سەرکوتی نەیارانی رێژیم

ئەساسی‌ترین بەرنامەی ڕێژیم رێکخستنی هێزەکانی سەرکوتگەر بوو و زۆربەی ئیمکاناتی لە خزمەت ماشینی سەرکوت دانا . لە مەودای شەڕ توانی زەبری ئەساسی بداتە رێکخراوەکانی شۆرشگێر و دامەزراوە و بڵاوکراوەکانی خەڵکی و دیموکرات . و لە گەڵ ئەمە کە رێژیم توانی رێکخراوە شۆرشگێرەکان سەرکوت و لە گۆڕەپانی جوولانەوەی سیاسی کۆمەڵگا دوور بخات ، بە سەرنج دان بە ئەزموونی ڕووخانی دیکتاتۆری شا و ئەگەری بەرز بوونەوەی نارەزایەتی خەڵکی و پەرەساندنی پاشماوەی ڕەوتە شۆرشگێرەکان و ڕۆڵی ئەوان لە بزووتنەوەی خەڵکی ڕێژیمی ناچار



کرد تاکو بە کۆ کردنی زانیاری سەبارەت بە ئەندامانی چالاکی سیاسی و لە ناو بردنی هەموو بەرهەلەستکاران و پاکتاو کردنی بەندیخانەکان لە سەرەوەی بەرنامەکانی خۆی دانا .

پێویستە رواڵنگەکان و ڕۆڵی باڵەکانی ڕێژیم بە شێوەیکی گشتی پێداچوونەوەی لە سەر بکەین . لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گشتی تیئوری و ئایدولۆژی لە لایەن ئەم باڵە دادەنرێ و لێک دەدرێتەوە و ئامرازی رێبەری ئایدولۆژیک لە دەستی ئەم باڵەیە . ئەم باڵە پێک هاتەکانی رۆحانیەتی موباریز ، هەیئەتی موئتەلیفە ، حەوزەکانی عیلمیە و زانکۆی ئیمام سادق و . . . لە دەستی دایە . لە گەڵ ئەنجوومەنی حۆجەتیە پەیوەندیی هەیە و لە ئەسڵ دا بەرێوبەری سیاسەتەکانی ئەنجوومەنە . ئەم باڵە توانیوە ئامرازە بە هێزەکان وەک رێبەری ، شوورای پاراستنی یاسای ئەساسی ، مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری ، رێکخستنەکانی هێزی بڕیاردەر ، حاکیمە شەرعەکان ، تریبونەکانی نوێژی جومعە ، هێزی ئینتزامی و دادستانی ئیوین ، بنیاتەکانی جۆراوجۆری بەرێوبەری ، هێندێک لە بەندیخانەکان لە دەستی‌دا بوو . ئەم باڵە بە پاڵ پشتی ئایدولۆژی مەزهەبی خوازیاری بەرێوەبردنی یاسا و بڕیارەکانی ئیسلامی بووە و پیشنیارەکانی قەساس و یاساکانی شەرعی داوە و پەسەند کردووە و خوازیاری بەرێوەبردنی ئەوان بە بێ کەم و کۆری بوو . پێداچوونەوە و گۆمان لە ئیعدام بە هەر شێوەیێک بە کوفر زانیوە و ئەوانەی کە گۆمانیان هەبووە وەک لادەر و بڕیاری لە ناو بردنیان بە پێویست زانیوە و خوازیاری دەس بە سەر داگرتنی سامانی ئەوانەیە .

خەڵکی وەک ئومەت ( پلەی دووهەم ) زانیوە و لە سیاسەتی رێبەری و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا ڕۆڵێک بۆیان دانانێ . بە پەیرەوی کردن لە دروشمی سیاسەتی ئێمە وەک دینداری ئێمەیە ، کەش و هەوای کۆمەڵگای بە تەواوی مەزهەبی ، بیر و بۆچوون و جوولانەوەی سیاسی بە پێچەوانەی بڕیارەکانی ئیسلامی ( فیقهی ) بە توندی رەڕت دەکاتەوە و خوازیاری هەڵوێستی توند و سەرکوتی بێ بەزەئیانە و لە ناو بردنی فیزیکی بەرهەلەستکاران و ڕەخنە گرانی حکوومەتە . دژایەتیی هەیە لە گەڵ هەر چەشنە ئازادی بیروڕا و قسە کردن . بۆ نەیارانی خۆی مافی ژیان دانانێ و لایەنگری سیاسەتی تەوبەکاری و بەڕێوەبردنی موقابلەکانی تەلەفزیونی و ڤیدیویی تەوبە کردن و لایەنگری لە رژیم لە پێش چاو خەڵک بۆ خوڵقاندنی ترس و هەراس و بێ ناو و نیشان کردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەیارانی رێژیمە . لە گەڵ بەشدار بوونی تەوبەکارەکان لە ئیعدام کردنی هاوسەنگەرانی پێشوویان ئەوانیان بە تەواوی پووچەڵ دەکەن و دیل کراوەکان لە بەرانبەر یەکتر دادەنێن .

باڵی خەتی ئیمامیەکان لە دە ساڵەی یەکەم دا

ئەم باڵە پێك هاتەكانی ماڵی مونتەزری ، روحانیەكانی موبارز ، رێكخراوی موجاهیدینی شۆرشی ئیسلامی ، دانشجوەكانی پەیرەوی خەتی ئیمام ، ماڵی ئیمام بە دەستەوەی بوو ، و لە گەڵ ئەنجوومەنی حوجەتیە بە هۆی هێندێك لە ئەندامانی خۆی پەیوەندی گرتبوو و لە ڕوانگەكانی مونتەزری و خومەینی پەیرەوی دەكات . ئەم باڵە توانیە ئامرازەكانی وەك ماڵی رێبەری بە رێبەرایەتی ئەحمەدی خومەینی ، سەرەوەی دیوانی بەرزی وڵات ، سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی ، بنیاتی شەهید ، بەرێوەبەرایەتی زیندانەكان و كومیتەی هاوبەش بە دەستەوە بگرێ . خاوەن پێگەیێكی بەربلاو و لە جەستەی پێك هاتەكانی مەزهەبی و سوپای پاسداران و چوارچێوە و بەرێوەبەرایەتی وزارەتی ئیتلاعات و ئەنجوومەنەكانی ئیسلامی و ماڵی كرێكار ( خانە كارگر ) بوون . ئەم باڵە خۆی بە پەیرەوی خومەینی دەزانێ و خومەینی وەك ئیمام و پاش خومەینی لە بۆچوونەكانی مونتەزری پەیرەوی دەكردن ، و خوازیاری بەرێوەبردنی بڕیارەكانی ئیسلامی و گۆمانی تەواو لە بڕیارەكانی ئیسلامی وەك « مورتەد » و بڕیاری « مورتەد » ئیعدام و دەس بە سەر داگرتنی سامانی ئەوە . ئۆپۆزیسیونی خومەینیان وەك مونافق و كافر دەزانن . بە سەرنج دان بە پێكهاتیان تووشی دژایەتیەكانی ناوخۆئین و لە داهاتوودا یەك دەستی ئەوان تێك دەدرێ ، تەحەمولی بیستنی هیچ چەشنە بیر و ڕای سیاسی ، ئابووری دژ بە خۆیانیان نەبوو ، بەم حاڵەدا گۆمان لە بڕیارەكانی لاوەكی مەزهەب رەوا و دەتوانێ بە پێ زەمان ئاڵ و گۆری بە سەر بێت و خوازیاری بەشداری لیبراڵەكان لە ئورگانەكانی بەرێوەبەری بوون . لە گەڵ ڕەوتەكانی شۆرشكێر و دیموكرات بە توندی دژایەتیان دەكرد و خوازیاری لە ناوبردنی رێكخراوەكانی شۆرشگێر و ئازادیخواز بوون . لە سیاسەتی دەرەوە ویستی ئەوان ، ناردنی شۆرشی ئیسلامی و لە سیاسەتی ناوخۆیی سەركوتی توند و بە پێ بەرنامە بوو . لە كۆتائیەكانی دەورەی دە ساڵەی یەكەم دا ئەم باڵە شێوازی سەركوتی باڵی خەتی وەلایەتی قبووڵ نەبوو و تەواب كردن وەك شێوەی تەواو بۆ لە ناو بردنی ڕەوتەكانی شۆرشگێر نەزانی و سەركوت لە رێگای وزارەتی ئیتلاعات و هێزەكانی رەسمی و غەیری رەسمی لە كۆمەڵگا و زیندان بە شێوەی خوارەوە بە رێوە بردن .

**١-سیاسەتی سەركوت و كۆنترۆڵ لە كۆمەڵگا**

ئەم ڕەوتە بە كەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەكانی دەورانی ڕابردوو و رێكخستنی « ساواك » بەرنامەی خۆی بۆ ناسین و رخنە كردن لە ناو رێكخراوەكانی شۆرشگێر و گروپە سیاسیەكان دارشتبوو و بە بەرنامەی بە پێ زەمان دەستی دایە گرتن و لە ناو بردنی هێزەكانی شۆرشگێر ، لە لایكەوە لە گەڵ بە رێ خستنی گروپەكانی حیزبوڵلا هێرش دەبردە سەر كۆرەكانی سیاسی و ترس دەخستە ناو دڵی خەڵك .



**٢- سیاسەت لە زیندانەكان**

لە دەورانی سەرەتایی لێكۆڵینەوەكان ، بۆ پێ هاتن « ئیعتراف » و دروست كردنی پەروەندە ، جەستە و دەرونی زیندانی بە توندترین ئەشكەنجەكان ئازار دەدەن . بۆ پێ هاتن لە شێوەكانی ترساندن و دەروونناسی كەڵكیان وەر دەگرت و زانیاریەكان تەواو دەكردن . تێ دەكۆشان تاكو لە رێگای ئەو كەسانەی كە كۆڵیان دابوو هێزەكانیتر دەسگیر بكەن . بە لە بەر چاوگرتنی ئەمەی كە پاش ئازاد بوون لە زیندان بەشێك لە زانیاریەكانی زیندان دەچوونە ناو كۆمەڵگا و هێندێك لە تەوابەكان پەیوەست دەبوونە گروپی سیاسی خۆیان و زانیاریەكانی زیندان دەدرایە رێكخراوەكانی سیاسی ، بۆ رێژیم باش نەبوو و بەم هۆیە دروست كردنی تەوابیان شكست خواردو راگەیاند ، و ڕەوتی بێ هەڵوێست كردن و پەشیمان كردنیان بەرێوە برد ، بە هیوای ناسین و كۆنترۆڵی زیندانیەكان كەش و هەوای تا ڕادەیەك ئازاد لە بەندەكانی گشتی پێك هێنان و كۆنترۆڵی زیندانیەكان لە دەستی لایەنگرانی بۆچوونی دروست كردنی تەواب دەرچوو . لە سیاسەتی ئابووریدا بە سیاسەتی ناوەندگرایی دەوڵەت دەیانویست و خوازیاری بەرێوەبەری دەوڵەتی لە سەنعەتەكان و دامەزراوەكانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری سەرەكی بوون ، و بازرگانی ناوخۆیی ئازاد و بازرگانی دەرەوەیان لە ژێر چاوەدێری دەوڵەت و لە لایەن بەرێوەبەرانی دەوڵەتی شیاوی بەرێوە بردن دەزانین ، و تا ڕادەیێك لە هاوبەشیەكانی دابەشكردن و بەرهەم هێنان پشتیوانی و بە كەڵك وەرگرتن لە رەزامەندیەكانی ئوسولی و قەرزەكان دەستێان دایە دامەزراندنی هاوبەشیەكان . بە لە بەر چاوگرتنی رخنەی ئەوان لە ئورگانەكانی بەرێوەبەرایەتی و سەركردایەتی دەوڵەت لایەنگری پەیوەندی ئابووری لە گەڵ وڵاتانی ئوروپایی بوون . لەم رێگایە قازانجی زۆریان بە دەس كەوت .

**ڕەوتی نەناسراوی هاشمی رەفسنجانی و بنەماڵەكەی :**

یەكێك لە مۆرەكانی سەرەكی رێژیم و پەسەندكراوی باڵەكانی ناوخۆیی دەسەڵات و نزیكترین كەس بە خومەینی پاش بەهەشتی و ئەحمەدی خومەینی بوو . هاشمی بە كۆنترۆڵ كردنی مەجلیس و فەرماندەیی شەڕ ، رادیو و تەلەفزیونی خستە ژێر كۆنترۆڵی خۆی و براكەی كردە بەرێوەبەری رادیو و تەلەفزیون ( صدا و سیما ) ، و تریبونی نوێژی جومعەی تارانی بە تەواوی بە دەستەوە گرت . هاشمی بە ناسینی ڕەوتەكانی ناوخۆیی دەسەڵات و كۆمەڵگا ، خۆی گیرودەی بابەتەكانی بە تەواوی مەزهەبی نەكرد و لە گەڵ خەریك بوونی بە بابەتەكانی ئابووری و سیاسی لە تریبونی نوێژی جومعە و بە كەڵك وەرگرتن لە ناكۆكی باڵەكانی جۆراوجۆر خۆی كردە ناوەندی ئاشتی باڵەكان و بە دیدێكی مەزهەبی لیبراڵ بەرنامەكەی جێبەجێ دەكرد . هاشمی بە كەڵك

وەرگرتن لە دژایەتیەکانی جیهانی دەستی دایە دامەزراندنی پەیوەندیەکانی ئابووری و سیاسی بەربلاو و لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەت و هەروەها لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت ( حیزبی توودە و ئەکسەریەت ) بەرەو لای خۆی ڕاکێشا و کردیانە ئامرازی دەستی خۆی . بە پروپاگەندەی شایستە سالاری و بە ڕواڵەتی میللی گەرایی فەرماندەکانی ئەرتش و سوپای پاسداران و بەرێوەبەرانی دەوڵەتی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا . بە شێوەیێکی فریوکارانە کەش و هەوای سیاسی بە تەواوی داخراوی داسەپاند و بە کۆنترۆڵی هەواڵەکان و زانیاریەکان دەستی دایە سات و سەوداکانی نهێنی و خوازیاری سەرکوتی ئازادی بیروڕا و بڵاوکراوەکان بوو . بۆ سەرکوتی ڕەوتەکانی شۆڕشگێر و دیموکرات لە گروپەکانی دەرەوەی دەسەڵات وەك حیزبی توودە و ئەکسەریەتیش کەڵکی وەرگرت و لە کۆتاییدا ئەوانیش لە زەبری خۆی بێ بەش نەکرد . هاشمی بە پشتیوانی کردن لە سەرمایەدانان خوازیاری هێزێکی بەرێوەبەری بە هێز و توانا بوو تاکو لەم ڕێگایە و بە کەڵك وەرگرتن لە رانتەکانی دەوڵەتی توێژی مافیای ماڵی نوێ لە بوروکراسی دەوڵەتی پێك بێنێ ، و دەوڵەت بە تەواوی بکاتە پارێزەری قازانجەکانی توێژی مافیای ماڵی سەر بە خۆی .

کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە تێکۆشەرانی سیاسی بۆ لە ناو بردنی هەموو نەیارانی سیاسی و پاکتاو کردنی زیندانەکان :

بارودۆخی ئابووری ، سیاسی و بەرێوەبەری ڕێژیم لە دوای شەڕ کەوتە بەر هەڵسەنگاندن ، بەرنامەی ڕێژیم گەلاڵە کرا و بە کەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆریتەی خومەینی بووە هۆی پێك هاتنی باڵەکانی حکومەتی ، وڵاتانی ئیمپریالیستی لە چاوەروانی داهاتوویێکی باشتر بۆ تالانی سەرچاوەکانی میللی و دەس ڕەنجی کۆمەڵانی زەحمەتکێش مانەوە . لە ناو بەرنامەکانی چاوەروان کراوی ساسەتی ناوخۆیی ، سەرکوت و لە ناو بردنی نەیاران بەرچاوترە . چونکە سیاسەتی داهاتووی ڕێژیم و پەیوەندیی لە گەڵ تالانەکانی ئەو بە نهێنی مایەوە و خوازیاری ناکۆکێکی توند بوو . لە گەل ئەوەی کە ڕێژیم لە کاتی شەڕی دواکەوتووانە زەبری ئەساسی لە ڕێکخراو و پێکهاتەکانی شۆڕشگێر و دیموکرات وەشاند و زۆر کەس لە هێزەکانی شۆڕشگێری سپاردە دەستەکانی ئیعدام ، لە گەڵ ئەوەشدا بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتی ناتەواو و وەحشیانەی خۆی و لە ناو بردنی هەموو پاشماوەکانی شۆڕش دوو قۆناغی دیاری کرد و تێپەری کرد .

قۆناغی یەکەم : لە ناو بردنی ئایدولۆژیەت و کەسایەتی زیندانیانی سیاسی :

ئایدوئولۆگی مەزهەبی ئەم سیناریوە مونتەزری و لایەنگرانی خەتی ئیمام و ئایدوئولۆگی سیاسی ئەو هاشمی و خەتی ئیمامیەکان و جێ بە جێ کردنی ئەم بەرنامەیە کەوتە ئەستۆی وزارەتی



ئیتلاعات و دادستانی شۆڕش . مەسەڵەی ئایدولۆژیك لە گەڵ باسی گۆمان کردن لە ئیسلام بە چاپی کتێب و گونجاندنی وتارەکانی ( گۆمان کردن ) لە ڕۆژنامەکانی دەوڵەتی لە لایەن وزارەتی ئەرشاد ( ڕاهێنان ) بڵاو بوو و لە زیندانەکان دا تەبلیغی لە سەر کرا ، بەرپرسانی زیندانەکان گۆردران و یان لە گەڵ سیاسەتی تازە ڕێك خران . تەوابەکان لە ژوورە تایبەتیەکانی داخراو جیا کران و پاشان بەندەکانی داخراو بوونە بەندی گشتی و کۆنترۆڵی ناوخۆیی بەندەکان کەوتە دەستی زیندانیەکان . قسەی سەرکردەکانی تەوابی گروپە سیاسیەکان دەستی پێ کرد و زیندانیەکانیان بە زۆر دەبردە شوێنی کۆبوونەوە و ئەگەر بەربەرەکانی لە لایەن زیندانیەکانەوە رووی بدایە بە توندی دەکەوتنە بەر ئازار و ئەشکنجە . و یان وت و وێژەکان لە ڕێگای تەلەفزیونی زیندان لە بەندەکاندا بڵاو دەبوو و وت و وێژکەران بە دەربڕینی پەشیمانی و هەوڵدان لە پاکانەی وەزعی خۆیان لە ڕابردووی شۆڕشگێرانەیان حاشا دەکرد و بەرپرسان و بازجووەکان ( لێکۆڵینەرەکان ) ، و ئەشکنجەگەرانی خەڵکیان بە ڕەحم و شۆڕشگێر و دیموکرات ناو دەبرد هەروەها ڕێژیم چاو پێکەوتن لە گەڵ زیندانیانی سیاسیی زۆر کرد تا بیروڕای گشتی کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤـ بە شێوەی کاتیش کە بووە بۆ لای خۆی راکێشێ . لە گەڵ بەرێوەبردنی چاو پێکەوتن و گشتی کردنی بەندەکان و پەیوەندی زیندانیەکان لە گەڵ یەکتر و هەروەها لە گەڵ کۆمەڵگای دەرەوە پەرەی ساند و نارەزایەتی و داواکان توند بوونەوە ، بە دوای یەکێك لە چاو پێکەوتنەکان پاسەوانێکی زیندانی ئیوین بە توندی بە زیندانیانی گۆت کە هەر کارێك دڵتان دەخوازێت بیکەن ، بە ئێمەیان وتووە جارێ واز لەمانە بهێنن . کاتی خۆی هەموویان دەکوژین . ڕێژیم لە بێ ناسنامە کردنی ئایدولۆژیەتی زیندانیان و گەیشتن بە زانیاریە نەناسراوەکان و لە ئەنجام دا بێ ناسنامەیی سیاسی زیندانیان بە توندی شکستی خوارد .

لە گەڵ شکستی ڕەوتی تەوابەکان ، زەبرێکی توندی لە ڕێژیم کەوت ، و بە بەرز بوونەوەی ئەزموون و ورەی زیندانیان کۆنترۆڵی زیندان لە چەند بوار لە دەست ڕێژیم دەرچوو . ڕێژیم بە تەبلیغاتی بەربڵاو دەستی دایە پێك هێنانی هەل و مەرجی لێبوردن و هەر ڕۆژ نوێنەرانی دەناردە زیندان تا زیندانیەکان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ و بڕیارەکانی ئیعدامی خۆی راست و دروست نیشان بدات . لە حاڵێکدا هەر ڕۆژ بڕیارەکانی ئیعدام کە بە تەعیدی دیوانی بەرزی وڵات بە بەرپرسایەتی موسەوی ئەردەبیلی دەگەیشت ، تێکەڵ بە پروپاگەندی لێبوردنی ، زیندانیانی سیاسیی ئەسپاردە دەستەکانی ئیعدام .

قۆناغی دووهەم : هەموویان دەکوژین :

لە گەڵ بوونی ئاگر بەس و قبووڵ کردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٦٧ ، بارودۆخی نە شەڕ و نە ئاشتیىیان ڕاگرت تا زەمینەی باش بۆ جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی دیاریکراو پێک بێت . هەلی زێرین لە گەڵ ئۆپراسیونی نیزامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ( فروغ جاویدان ) ڕەخسا و تەبلیغاتێکی بەربڵاو لە دەزگا ڕاگەیێنەرە گشتیەکان و تریبونەکانی نوێژی جومعە و ڕۆژنامەکانی ڕێژیم بۆ بەڵاری بردنی بیروڕای گشتی دەستی پێ کرد . چاو پێکەوتنی زیندانیان ڕاگیرا و تەلەفزیونەکان لە بەندەکان کۆ کرانەوە . هەواڵ و ڕاپورتەکانی مەبەست دار لە لایەن ڕێژیمەوە لە زیندانەکان بڵاو بوونەوە . دابەشکردنی زیندانیەکان سەر لە نوێ دەستی پێ کرد و هێندێک لە زیندانیان لە زیندانی ئیوین ڕاگوێزرانە زیندانی گەوهەردەشت ، هێندێکیتر لە هۆڵەکانی فێرگە خرانە بەندەکانی ٣٢٥ ی ئیوین . لە گەڵ زەخت هێنان بە سەر زیندانیان ، بەرنامەی چاوەروان کراویان جێ بە جێ کرد . لە گەڵ بڕیاری خومەینی و کاریگەری مونتەزری کومیتەکانی مەرگ ڕێک خران و بڕیاری ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و شۆرشگێر لە لایەن خومەینی درا و بە کومیتەکانی مەرگ ڕاگەیاندرا .

پێک هاتی سەرەکی کومیتەکانی مەرگ ( دادگاکانی چەند چرکەیی )

ئەلف _ دادستانی گشتی و یان یەکێک لە جێگرەکانی دادستانی گشتی

لە تاران ئەشراقی دادستانی گشتی و یان بەرپرسی جێگری ئەو لە شارستانەکان دادستانی شۆرشی ئیسلامی هەمان ناوچە یان دادیاری زیندان بوون .

ب _ یەک نەفەر حاکیم شەرعی دادگاکانی شۆرش .

لە تاران بە گشتی حاکیم شەرعەکانیتر بریتی بوون لە یونسی _ ناسری راوەندە و لە شارستانەکان حاکیم شەرعەکانی ئەو شارە .

پ _ نوێنەرێک لە وزارەتی ئیتلاعات

رەی شەهری وەزیری ئیتلاعات و جێگرەکانیشی بریتی بوون لە مستەفا پوور محەمەدی ، عەلی فەلاحیان ، سەعید حەجاریان ، عەلی رەبیعی و بە گشتی مستەفا پوور محەمەدی لە کومیتەی ئیوین و گەوهەر دەشت ئامادە بوون ، لە شارستانەکان بەرێوەبەری گشتی ئیتلاعات یان فەرماندەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بوون .

بەرنامەی ئەسڵی :

سەرکردەکان و تیئوریسیەنەکانی باڵەکانی جۆراوجۆری ڕێژیم و ئەنجوومەنی حوجەتیە و خومەینی لە بەرنامە دارێژەرانی ئەسڵی دەژمێردرێن ، لە دانانی بەرنامەی هێندێک لە ماموستایانی



زانکۆکان و حەوزەکانی زانستگەی ( مەزهەبی ) و ڕێکخراوەکانی ئیتلاعاتی هێندێک لە وڵاتان هاتنە یارمەتی ڕێژیمەوە .

هێزەکانی ئەسڵی و رووی پەردەی ڕێژیم بریتی بوون لە :

خومەینی وەلی فەقیح و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ، مونتەزری جێگری ڕێبەر ، هاشمی رەفسنجانی سەروکی پەرلمانی ئیسلامی و فەرماندەی شەڕ ، خامنەیی سەروک کۆمار و فەرماندەی شەڕ ، ئەندامانی شوورای پاراستنی یاسای ئەساسی ، کەرووبی ڕێبەری کۆری پیاوە ئایینەکانی خەباتگێر و بەرێوەبەری بنیاتی شەهید ، رەی شەهری وەزیری ئیتلاعات ، موسەوی ئەردەبیلی بەرێوەبەری دیوانی باڵای وڵات ، موسەوی خۆئینیها دادستانی شۆرشی ئیسلامی و ڕێبەری دانشجوویانی پەێرەوی خەتی ئیمام ، ئەحمەد خومەینی ڕاوێژکاری بەرزی خومەینی ، مەهدەوی کەنی لە پیاوانی ئائینی خەباتگێر ، عەسکەر ئەولادی موسڵمان لە بەشەکانی بازار و ڕێبەری هەیئەتەکانی موئتەلیفە ، لاجەوەردی دادستانی شۆرشی ئیسلامی ئیوین ، موحسێن رەزایی فەرماندەی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی ، میر حوسێن موسەوی سەروک وەزیران ، ئایەتوڵلا گیلانی .

زیندانیانی سیاسی دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دەستەبەندی بکەین :

١ _ هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ڕەوتەکانی چەپ و ڕادیکاڵ بە تایبەتی فیدائیانی گەل و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک کە لە هەڵویستی ڕێکخراوی خۆیان دیفاعیان دەکرد ، درانە بەر دەستەکانی ئیعدام .

٢ _ ئەو زیندانیانەی کە ماوەی زیندانیان تەواو ببوو و بە هۆی قبووڵا نەکردنی وت و وێژی ویدیویی کە هێشتا لە زیندانەکانی ڕێژیم مابوونەوە ( میللی کێشەکان ) برانە دادگاکانی ڕێژیم و ژمارەیەکی زۆر لەوان ئیعدام کران .

٣ _ زیندانیانی سیاسی ئازاد کراو و پەیوەندی دار بە ڕەوتەکانی سیاسی دژی ڕێژیم دەبونە دوو دەستە :

ئەلف _ دەستەیەک کە هەر ڕۆژ و و یان هەر هەفتە و یان ماوەیەک جارێک دەرۆیشتنە ناوەندەکانی ئەمنیەتی و دادستانی و خۆیان دەناساند ، گیران و درانە دادگاکان و هێندێکیان ئیعدام کران .

ب _ دەستەیەک لە زیندانیانی سیاسی هەستیان بە خەتەر کرد و خۆیان شاردنەوە و لە خۆیان نەدەناساند .

حکوومەت بە گۆشار خستنە بە سەر بنەماڵەکانیان و بە دوای وەعد و بەڵێن و فریوکاری دەستی گەیشتە ژمارەیەک لەوان و دایانە دەستی جەلادەکانی خۆی . شاهیدێکم پێ شک دێت کە هێزەکانی ئەمنیەتی بە رۆیشتنە لای بنەماڵەکانیاندوو برا کە خۆیان نەناساندە بوو بە وەعد و بەڵێنی زۆر ، بنەماڵەکانیان خستنە ژێر زەختی دەروونی و توانیان دوو براکە دەسگیر بکەن و بیاندەنە بەر دەستەی ئیعدام . یەکێک لە براکان لە بەرانبەر پارانەوەی دایکیان دەڵێ : من ئەم رێژیمە بە باشی دەناسم ، ئەوان بەزەئیان بە کەس نایەێت و مەموو قسەکانیان درۆیە . بەڵام لە بەر ئەوەی ئێوە دەتانەوێ ئێمە خۆمان دەناسێنین ، بنەماڵەی زیندانیەکان بە دوای ناساندنی کورەکانی خۆیان دەچنە زیندان و لە گەڵ جل و بەرگ و ناونیشانی قەبری کورەکانیان رووبەروو دەبن و بە دوای ئەم رووداوەدا بنەماڵەکەیان تووشی نەخۆشی دەروونی و رۆحی توند دەبن .

٤ _ زیندانیانی سیاسی کە لە زیندانەکان دەبنە دوو دەستە :

ئەلف _ ئەو زیندانیانەی کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و یان لە قەرەنتینە بوون و لە دادگاکان دەستەیەکی زۆر لەوان ئیعدام کران .

ب _ زیندانیانی سیاسی کە خەریکی تێپەر کردنی دەورانی زیندانی بوونیان بوون ، دەتوانین بکەین بە چوار دەستە :

١ _ ئەو زیندانیانەی کە حوکمی ئیعدامیان لە پێشدا دەرچووە و بۆ وەرگرتنی موقابلە و پاکانە کردن ڕاگیرا بوون ، درانە بەر دەستەکانی ئیعدام . لەم ناوەدا تەوابەکانیش ئیعدام بوون .

٢ _ گروپێک کە بە بێ هەڵویستی تەشکیلاتی بوون و یان لە لایەن رێژیم ناسراو بوون ، لە گەڵ ڕەوتەکانی شوورایی و کرێکاری دژ بە رێژیم درانە دادگاکان و هێندیکیان ئیعدام کران .

٣ _ ڕەوتەکانی حیزبی توودە و ئەکسەریەت بە هەڵویستی سیاسی لایەنگری لە رێژیم درانە دادگاکان و هێندێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەم ڕەوتانە وەک موحاریب ، کافر و مورتەد ئیعدام کران .

٤ _ گروپەکانی ڕەوتی لایەنگری بیروبۆچوونی دوکتور شەریعەتی لە زیندانیانیتر جیا کران و لە ئامووزشگا زیندانی کران و تا ئەو جێگایە کە بزانم نەدرانە دادگاکان .

کردەوەی رێژیم لە شارەکانی گەورەی دیکەیش تا ڕادەیەک هاوئاهەنگ لە گەل پایتەخت بوو و لە هێندێک لە شارەکانی بچووک بۆ بەرگری لە ئەگەری ڕاپەرینەکان و بەدواهاتی چاوەروان نەکراوی ئەو ، زیندانیانی ناردە شارە گەورەکان و درانە دادگاکانی رێژیم و زۆربەیان ئیعدام کران .

شێوەی کاری کومیتەکانی پاکتاو کردنی زیندانەکان ( کومیتەکانی مەرگ ) :



دادگاکانی چەند چرکەیی و بڕیارەکانی لە پێش دیاری کراو بوو و لە گەل ترس و تۆقاندن و لە ژووری داخراو پێک دەهات .

زیندانی هیچ جۆرە مافی دیفاع لە خۆی نەبوو و دەبوایە بە پرسیارەکانی حاکیمی شەرع وەلام بداتەوە . بڕیاری کۆتایی دادگا لە سەر ئەساسی وەلام بە پرسیارەکانی دیاری کراو و راپورتەکان و ڕای زیندانبانەکان دەدرا .

پرسیارەکان بە لە بەر چاو گرتنی ڕەوتەکانی مەزهەبی و غەیری مەزهەبی بە شێوەی خوارەوە بوو :

ئەلف : پرسیارەکانی ڕەوتەکانی مەزهەبی و رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک :

١ _ ئایا رێکخراوی موناففقینی قبووڵێ هەیە .

٢ _ ئایا رێکخراوی موناففقین مەحکووم و لە موقابلەدا بەشداری دەکەی .

٣ _ ئایا ئیمام و کۆماری ئیسلامیت قبووڵ هەیە .

٤ _ ئایا تەواب و یان پەشیمان دەبیت و ناوی موناففقین و مەحاربەکان دەدەی .

٥ _ لە چالاکی دژی موناففقین و ئیعدامی موناففقین بەشداری دەکەی .

ئەندام و لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵک ئەگەر بە یەکێک لە پرسیارەکانی سەرەوە وەڵامی رازی کەری دادگایان نەدایە بێ درەنگ بڕیاری ئیعدامیان دەدرا ، تەنانەت کەسانێک کە لە پێنجچ پرسیاری سەرەوە ڕزگاریان بوو ، بڕیار سەبارەت بە ئەوان بە پێ ڕاپورتەکانی زیندان و ڕای زیندانبانەکان دەدرا و لە ئاکام دا ڕادەیەکی زۆر لەم کەسانە ئیعدام کران .

ب _ پرسیارەکانی ڕەوتەکانی غەیری مەزهەبی بە تایبەت فیدائیانی خەڵک :

١ _ ئایا رێکخراوەکەت قبووڵێ هەیە ( سەبارەت بە رێکخراوی دژ بە رێژیم ) .

٢ _ ئایا رێکخراوەکەت مەحکووم و لە موقابلەدا بەشداری دەکەی .

٣ _ ئایا موسڵمان و یان مەزهەبێکی دیکەت هەیە و یان کۆمۆنیستی .

٤ _ ئایا باوک و دایکت موسڵمانن و نوێژ دەکەن و خۆت نوێژ دەکەی .

٥ _ ڕای تۆ سەبارەت بە وەلی فەقیح و کۆماری ئیسلامی چیە .

وەزعی لایەنگران و ئەندامانی ڕەوتەکانی چەپ بە وەلامدانەوە بە پرسیارەکانی سەرەوە و ڕای زیندانبانەکان دیاری دەکرا .

زۆربەی لایەنگران و ئەندامانی ئەم ڕەوتانە وەک مورتەد ، کافر ، موحاریب دژ بە خوا و وەلی زەمان و خراپەکار لە سەر زەوی ئیعدام کران . کەسانێک کە هەڵویستی تەشکیلاتیان نەبوو و

ئەندام و یان لایەنگری گروپەکانی سیاسی نەبوون درانە دادگاکان ، و پرسیارەکانی بۆچوونی و سیاسی لێان دەکرا و هێندیکیان ئیعدام کران .

پێویستە ئاماژە بکرێتە خاڵی چوارەم لە پرسیارەکانی سەرەوە تاکو ڕوانگەی ڕێژیمی مەزهەبی جوانتر دەربکەوێ :

ئەلف _ کەسانێک کە لە مەزهەبی ئیسلام لاداون ، مورتەد دەناسرێن .

ب _ کەسانێک کە موسڵمان بوونە و بۆ جارێکیتر لە ئیسلام لاداون ، مورتەد دەناسرێن .

پ_ کەسانێک کە لە دایک و باوکی موسڵمان بوونەتەوە و خۆیان موسڵمان نین ، مورتەد دەناسرێن .

ت _ کەسانێک کە موسڵمان و یان لە دایک و باوکی موسڵمان بوونەتەوە و نوێژ ناکەن ، ئەگەر بە ئاشکرا ئاوا بکەن مورتەد دەناسرێن .

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دادگاکانی سەدەکانی ناوەراست یان باشتر بڵێن کومیتەکانی مەرگ لە مەودای چەند ڕۆژدا هەزاران مرۆڤیان بە نهێنی دادگایی و دایانە بەر دەستەی ئیعدام ، کە هێشتا زانیاری دروستێک لە ڕادەی ئیعدامیەکان لە بەر دەست نی‌یە .

ئەوەی کە ئاشکرایە ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی توانی ریکوردی جیهانی بێ ڕەحمی و دڕندەیی لە جیهاندا بشکێنێ و ئالا هەڵگری خوێن مژترین ڕێژیمی دونیا بێت .

لە گەڵ وە دەر کەوتنی جنایەتەکانی ڕێژیم و پەرەگرتنی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی و نارەزایی مونتەزری بە نیسبەت ئیعدامەکانی کوێر کوێرانە کە بووە هۆی لابردنی ئەو لە جێگری پلەی ڕێبەری و هەروا نارەزایی بنەماڵەکانی زیندانیانی سیاسی و بیر و بۆچوونی گشتی نێونەتەوەیی ، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤی ئوروپایی مەجبوور بە هەڵویست وەرگرتن بوون و ئەم هۆکارانە بووە هۆی پاشەکشەی ڕێژیم و زۆربەی ئەو کەسانەی بڕیاری ئیعدامیان درابوو بە شێوەیکی کاتی لە ئیعدام ڕزگاریان بوو و لە سلولەکانی تاکەکەسی‌دا زیندانی کران .

ڕێژیم دووبارە بەرنامەی تازەی دارشت و پاشماوەی زیندانیانی بردە بەندەکانی گشتی .

زیندانبانەکان و نوێنەرانی وزارەتی ئیتلاعات ڕایان گەیاند کە ئێمە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی تەحموولّ ناکەین و دەبێ زیندانەکان چۆڵ بکەین . وا بیر نەکەن لە بەرانبەر ئەوانەی‌تر پاشەکشە کردووین و ئێوەمان ئیعدام نەکردووە . ڕێژیم لە بەر ناچاری و کەم کردنەوەی زەختی بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و دەرەوە و چارەسەری دژایەتیەکانی ناوخۆیی بەرنامەیەک بە بەڕێوەبەرایەتی وزارەتی ئیتلاعات جێبەجێ کرد . بەرنامەکە بریتی بوو لە :



ڕاگەیاندنی پەیڕەوی کردن لە کۆماری ئیسلامی و دووری کردن لە ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤــ بە ڕێپێوان و جێبەجێ کردنی موقابلەی ویدیویی بە قازانجی ڕێژیم .

پرسیار : لە ڕێپێوان بەشداری دەکەی و موقابلە دەکەی .

پرسیار بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی ، مەزهەبی و غەیری مەزهەبی ، سەر بە ڕێژیم و دژ بە ئەوان یەک جۆر بوو و لە بەرامبەر وەڵامی بەڵێ ، دەگەرانەوە ناو بەندی گشتی و چاوەروانی ڕێپێوانیان دەکرد .

لە بەرامبەر وەڵامی نە ، دەچوونە سلولەکانی تاکەکەسی و هەر ڕۆژ زەختی دەروونی بە سەر ئەوان زیاد دەکرا . هێندیکیان لە دەرفەتێکی رەخساو ئیعدام و ڕادەیەکی زۆر کەم لەواندا لە ئیعدام ڕزگار بوون و ئازاد کران . ڕێژیم هەموو زیندانیانی ئازاد کراوی لە لایەن ناوەندەکانی ئەمنیەتی و بڕیاردەر خستە ژێر کۆنتڕۆڵ و چاوەدێری تووند و تێژ .

بەم شێوەیە ڕێژیم سەرەرای ناکۆکی و قەیرانەکانی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌لا و بەڕێوەبردنی سیناریوی کۆشتاری بێ رەحمانەی زیندانیانی سیاسی ، چووە ناو دەورەی دە ساڵەی دووهەم دا .

کۆماری ئیسلامی لە دە ساڵەی دووهەم دا :

ڕێژیم توانی بە سەرکوتی ڕێکخراوە شۆڕشگیرەکان و بنیاتەکانی دیموکراتیک و پێکهاتە سیاسیەکان لە جم و جوڵی ڕێکخراوەیی چینایەتی و کۆمەڵایەتی خۆ بپارێزێ و ڕێکخستنی سەر لە نوێی ئەوان بە دوا بخات ، و بە مەترسی کەمترێک بەرنامەی دووهەمی خۆی واتە چارەسەر کردنی دژایەتیەکانی ناوخۆیی و ڕێکخستنی ڕێژیم بە بوون و پشتیوانی خومەینی بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە برد .

دەس نیشان کردنی جێگر بۆ خومەینی و ڕێکخستنی ئورگانەکانی سەرەکی :

ڕێژیم لە بەرانبەر مردنی خومەینی بە هێزترین کەسایەتی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو بوو . دەس نیشان کردنی ڕێبەر بۆ ڕێژیم شتێکی زۆر گرێنگ دەژمێردرا ، سەرکردەکانی حکومەت کۆبوونەوەکانی نهێنی و یەک بە دوای یەکیان بەڕێوە برد ، هاتوچوو لە نێوان قوم و تاران دەکرا . باڵی دەسەڵاتدار توانی ئورگانەکانی مەزهەبی و بنیاتەکانی بە هێز و بە دەسەڵات وەک شوورای پاراستن ( نیگابان ) ، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوان ( مەجلیسی خوبرەگان ) ، پیاوانی ئائینی پلە بەرز و مەکتەبەکانی زانستی ئائینی و . . . پلەی ڕێبەری مەزهەبی و سەرەوەی سێ گوشەی

دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ . لە ڕێگای شوورای هەڵبژێردراوان ( مەجلیسی خوبرەگان ) ، خامنەیی وەک جێنشینی خومەینی دەس نیشان و دیاری کرا .

لە پێکهاتنەکانی پشتی پەردە ، هاشمی رفسنجانی دەزگای بەرێوەبەری و سیاسەتی دەرەوەی بە دەستەوە گرت و رێکخستن و ڕێک کردنی دەزگای بەرێوەبەری و وت و وێژ لە گەڵ سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی پێ ئەسپێردرا . هاشمی بۆ بە دەستەوە گرتنی پلەی سەروک کۆماری لە لایەن باڵەکان کاندید بوو و توانی پلەی سەروک کۆماری بە دەست بێنێ . خەتی ئیمامیەکان دەسەڵاتی خۆیان لە رێبەری رێژیم پاش مردنی خومەینی لە دەس دا و بڵاوە بوونیان بە دوای لابردنی پلەی سەروک وەزیران خێراتر بوو ، و وەک مورەکانی هاشمی رەفسنجانی لە ناکۆکیە ناوخۆئیەکان رۆڵیان بینی ، توانیان بچنە ناو مەجلیس و بەرێوەبەری بە دەس بگرن و پلانەکانی هاشمی بگەیننە پەسەندی مەجلیس . هاشمی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی خۆی چەند کەسێک لە باڵی خەتی ئیمامیەکان بردە ناو کابینەی خۆی . هاشمی رەفسنجانی بە دانی دروشمی ئاوەدانکردنەوە و کۆکردنی هێزی بەرێوەبەری لە ڕێگای بنیاتی سەروک کۆماری لە دەستی خۆیدا رێبەری چارەسەری گرفتەکانی ئابووری و سیاسیی بە دەستەوە گرت . بە قبووڵ کردنی سیاسەتەکانی ئابووری سندووقی نێونەتەوەیی دراو پیشنیارە ئابووریەکانی دەگەیاندە پەسەندی مەجلیس ، گرفتی شوورای پاراستنی ( نیگابان ) چارەسەر و رادیو و تەلەفزیونی سپاردە دەستی برای خۆی .

هاشمی سیاسەتەکانی رێژیمی بە شێوەی خوارەوە دارشت و بەرێوەی برد :

ئەلف_ سیاسەتی دەرەوە و وەرگرتنی قەرز لە سەر چاوەکانی دراوی جیهانی

ب_ رێکخستن و پروگرامی بەرێوەبەری هێزی بەرێوەبەر

پ_ بەرگری لە راپەرینەکانی کۆمەڵایەتی ، لە ناو بردن و تیروری بەرهەڵستکاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات

ئەلف_ سیاسەتی دەرەوە و وەرگرتنی قەرز لە سەر چاوەکانی دراوی جیهانی

پیشنیاری هاشمی و سیاسەتی دەرەوە لە سەر ئەساسی بەشداری هاوبەش و لە ناو بردنی ناکۆکیەکان و سیاسەتی دەرگاکانی کراوە بوو و خوازیاری پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی ئابووری و دیپلوماتیک لە گەڵ وڵاتانی پیشەیی رۆژئاوا بوو ، بۆ چارەسەری گرفتەکانی سیاسی لە پەیوەندیەکانی نێونەتەوەیی دەبێ ڕێگایێکی درێژ بچین . دەبێ بابەتی ناردنی شۆرش و هەڵویستی دژی ئەمریکا بگۆردرێ و سیاسەتی روون و بەکردەوە بگرینە پێش و بەرێوەی ببەین . یەکەم هەنگاوی بەکردەوە وت و وێژەکانی نهێنی بۆ چارەسەری کوسپ و گرفتەکان لە سەر



ڕێگای ئەساسی کردنی پەیوەندیەکان لە گەڵ دونیای رۆژئاوا بوو . و دووهەمین بابەتی گرێنگ ڕەوتی ئاسایی کردنی پەیوەندیەکان لە گەڵ وڵاتانی سەر بە ئەمریکا بە تایبەت عربستانی سعودی و کوێت و پاشەکشە لە دروشمی ناردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ ئەم وڵاتانە و هاوکاری لە گەڵ ئەندامانی ئوپێک بوو . بە لە بەر چاوگرتنی ئایدولۆژی و ناکۆکیەکانی ناوخۆیی ، رێژیم لە گەڵ گرفتەکانی زۆر رووبەروو بوو ، بۆیە سیاسەتەکانی ناردنی شۆرش و مافی مرۆڤ رێژیمی تووشی گرفتی زۆر کردە بوو .

١ _ مافی مرۆڤ

یەکێک لە ئالۆزترین بابەتەکانی رێژیم لە داهاتوو مافی مرۆڤ بووە و لە ئێستا و داهاتوویشدا هەیە و ناتوانی چارەسەری بکات . رێژیمێک کە نەتوانیوە ڕێگای دەرچوونێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە و لە سیاسەتی ناوخۆیی شێوەی هێرش و لە سیاسەتی دەرەوە شێوەی دیفاعی پیشەی خۆی کردووە ، لە بەرانبەر وڵاتانی رۆژئاوا تووشی لاوازی بووە و بە نزیک بوون بە جیهانی رۆژئاوا پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی لە ناوخۆدا سست و لاواز دەکات ، رێژیمێک کە نەتوانیوە تەنانەت هەڵویستەکانی جیهانی رۆژئاوا بە باشی بناسێ ، لە سەر ئەم ئەساسە خەریکی وت و وێژی نهێنییە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا و بێ دەسەڵات لە چارەسەری ئەم بابەتە تەنانەت تێگەیشتنێکی بە نیسبەت تاریفی دەسەڵاتدارانی رۆژئاوا لە بارەی پیرۆز بوونی سەرمایە و خاوەن مڵکایەتی تاکەکەسی نییە و زەمینەکانی سەرمایە دانانی دەرەوەی پێک نەهێناوە . لە گەڵ ئاشکرا بوونی جینایەتەکانی وەحشیانە و سەدەی ناوەراست لە زیندانەکانی رێژیم بێزاری گشتی لە رێژیم و لایەنگرانی ئەو ، بیر و بۆچوونی گشتی جیهانی رۆژئاوا و بنیاتەکانی جیهانی مافی مرۆڤ هەڵویستیان وەرگرت و دەوڵەتانی سەرمایەداری رۆژئاوا کەوتنە گۆشار و لە رێژیم دوور کەوتن ، دەوڵەتانی رۆژئاوا بە بیستنی بەڵینەکانی هەڵبژاردنی هاشمی رەفسنجانی ئەویان بە لیبراڵ ناو برد و بۆ بەلارێ بردنی بۆچوونی گشتی جیهانی رۆژئاوا پروپاگەندێکی بەربڵاویان بە قازانجی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دابین کردنی قازانجەکانی مافیای ماڵی رۆژئاوا وەرێ خست . بێ خیاڵ لەوەی کە کارەساتی مرۆڤایەتی لە کۆماری ئیسلامی زۆر گەورە بووە و هەر چەشنە ریککەوتنێکی پشتی پەردەی لە گەڵ شکست رووبەروو دەکات ، هەروەها چارەسەری هێندێک لە ناکۆکیەکانی بە رواڵەت بە مەرجی چارەسەری قەیرانەکان و دژایەتیەکانی ناوخۆئیە . وەک بابەتی سەڵمان روشدی و کتێبی ئایاتی شەیتانی ئەو کە رێژیمی لە دژایەتی کردنی بۆچوون و ئازادی بڵاوکراوە چەک کردووە و هەر سیاسەتێکی لەم بوارەدا لە گەڵ شکست رووبەروو دەکات . رێژیم بە مەجبووری فەرمانی تیروری سەڵمان روشدی لە

فەرمانی تیروری دەوڵەتی لا برد و فەرمانی کوشتنی وەک فتوای ئائینی راگەیاند و لە سیاسەتی دەرەوەی وەلانا . بەڵام بە توندی بەردەوام بوو لە مەسەڵەی دژایەتی و سەرکوتی بۆچوون و بڵاوکراوەکان و ئازادی . بە ئاشکرا بوونی تیرور لە ماجرای دادگای میکونوس بۆ جارێکیتر دەوڵەتانی رۆژئاوا کەوتنە گوشار و هاشمی لیبراڵیان لە دادگا مەحاکیمە و مەحکوم کرد و سەرکردەکانی رێژیمی بە تیروریست ناسی و پروپاگەندی دوور لە راستی چاک بوونەوەی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران لە گەڵ شکست رووبەروو بوو .

٢_ ناردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوە

رێژیم بە بوونی قەیرانەکانی ماڵی و کۆمەڵایەتی مەجبوور بە هەڵسەنگاندنی سەر لە نوێی سیاسەتی ناردنی شۆرشی ئیسلامی کرا ، و پەیوەندیەکانی ئاشکرای لە گەڵ هێندێک لە وڵاتانی ئیسلامی قەراخ کەنداوی فارس و وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک پەرەپێدا و راگەیاندنی ئاشکرای دژی دەوڵەتانی ناوبراو کەم کردەوە و لە دەزگا راگەینەرە گشتیەکانی بە تەواوی وەلایان نا . رێژیم هەروەها راگەیاندنەکانی ئاشکرای رەسمی خۆی دژی وەڵاتانیتر وەلانا و خوازیاری باش بوونی پەیوەندەیەکان و چارەسەری ناکۆکیەکان بوو . رێژیم لە گەڵ راگەیاندنی سیاسەتی لابردنی ناکۆکیەکان لە نێوان دەوڵەتان جگە لە ئیسرائیل خەریکی رێکخستنی هێزەکانی نهێنی لە وڵاتانیتر بە تایبەت وڵاتانی ئیسلامی بوو و یارمەتی ماڵی ، نیزامی و راگەیاندنی خۆی بە رێکخراو و ئەحزابی ئیسلامی زیاد کرد . تەنانەت بە شیوەیێکی ئاشکرا و راستەوخۆ و بە هێزی نیزامی لە هێندێک کێشەکانی ناوخۆیی وڵاتانیتر بەشداری کرد .

ب_ رێکخستن و بەرنامەی بەرێوەبەری هێزی بەرێوەبەر

بەرێوەبەری ئابووری بە سەر وڵات یەک دەست نەبوو و تووشی ئاڵوزی بوو . بەشێکی گرێنگ لە پیشەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری لە ژێر کۆنتۆڕلی ئاستانی قودسی رەزەوی و بنیاتەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت بنیانی موستەزعەفان و جانبازان ( بنیاتی بێ بەشان و کەم ئەندامان ) ژێر رەکیفی وەلایەتی فەقیحە و لە ژێر کۆنترۆڵی بەرنامە دانانی هێزی بەرێوەبەری نە بوو . بەرێوەبەرانی ئەوان راستەوخۆ لە لایەن وەلایەتی فەقیح دیاری دەکرین و لە ژێر کۆنترۆڵی خەتی وەلایەتیەکان و بورژوازی کۆنی بازارن . بە مەبەستی پەروەردە کردنی بەرێوەبەران لەم بەشەدا بە شیوەیێکی گشتی لە رێگای زانکۆی ئیمام سادق و ئەلزەهرا و زانکۆی ئازادی ئیسلامی کار دەکرا و هێزی بەرێوەبەر لە بەرێوەبەردنی هیچ جۆرە رۆڵێکی نیە و زۆرتر لە سەدی پەنجای ئامرازەکانی ئابووری لە دەستی دایە . هاشمی لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی هێزی بەرێوەبەر کۆنترۆڵی بانکی مەرکەزی ، رێکخراوی بەرنامە و بووجە و وزارەتخانەکانی



ئابووری و وزارەتی ناوخۆ ، بەرنامەکانی جێ بە جێ کرد . یەکەم بە کۆکردن و بە هێز کردنی بەرێوەبەرایەتی و جێ بە جێ کردنی بەرێوەبەرانی جێگای باوەری لە سەرەوی ئەوان دامەرزاند ، و برای خۆی لە سەرەوی صدا و سیما ( رادیو و تەلەفزیون ) دامەرزاند و لە رێگای دەزگای راگەێنەری گشتی سیاسەتەکانی هێزی بەرێوەربەری تەبلیغ کرد . پلان و پیشنیارەکانی بە پەسەندی مەجلیس گەیاند ، بە پەسەند کردنی بریارنامەکان هێز و دەسەڵاتی زۆرتری دایە بەرێوەبەران ، و پێکهاتە ئیداریەکانی یەک دەست و ئەنجوومەنە ئیسلامیەکانی لە دەس تێ وەردان لە بەرێوەبەرایەتی بنیاتەکانی دەوڵەتی وەلانا . لە گەڵ کۆنترۆڵ کردنی وزارەتی ناوخۆ ، ئەمنیەتی بەرێوەبەرانی ناوچەکانی بە ئەستۆ گرت و دەسەڵاتی بنیاتەکانی هاوجۆری لە بەرێوەبردنی ناوچەکان کەم کرد و ئیمامانی جومعەی لاواز و دەسەڵاتی پارێزگاران و مودیرەکانی ناوچەیی بۆ پاراستنی ئەمنیەت زیاد کرد . دەسەڵاتی شارەوانانی لە بەرێوەبردنی شارەکان زیاد کرد و دەسەڵات و هێزی تایبەتی دایە شارەوانی تاران و لە کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەت بەشداری کرد . هاشمی رەفسنجانی لە مەودای سەروک کۆماری خۆی بە قبووڵ کردن و جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی توانی لە دوو دەزگای ماڵی جیهانی قەرز وەر بگرێ و هەروەها توانی لە بانکە گەورەکانی ئوروپایی قەرز بە سوودی دراوی زۆر وەربگرێ ، و پەیوەندی خۆی لە گەڵ بنیاکانی ماڵی جیهانی دامەزرێنێ ، و زەمینەی پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی رۆژئاوا خۆش بکات ، و بە جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی بایەخی دراوی میللی لە بەرانبەر دراوەکانی جێگای متمانەی جیهان دابەزێنێ و بایەخی کاری دابەزاند و توانی قەرزە نێودەوڵەتیەکان وەر بگرێ . بە قبووڵ کردنی رێککەوتننامەکانی نەوتی بای بێک (Buy_Back) دەستی دایە وت و وێژی نهێنی لە گەڵ کومپانیاکانی نەوتی پاوانخواز و رێککەوتننامەکانی ئیمزا کرد . بە دوای سەرکوت دا کەش و هەوای تیروری سیاسیی خوڵقاند و مافیای ماڵی نوێی لە رێگای رانتەکانی ئابووری و وەرگرتنی پورسانتەکانی ( سوودەکانی ) زۆر دامەزراند و هێزی بەرێوەبەریی کردە بنیاتی مافیای ماڵی .

بە شێوەیێکی گشتی دەتوانرێ چالاکیە بەکردەوەکانی هەشت ساڵەی ئابووری حکومەتی هاشمی بەم جۆرە بەیان بکرێ :

الف- بەرێوە بردنی پرۆژەکانی ئاوادانکردنەوە و خزمەتگوزاری و پەیمانەکانی بای بێک

ب- دروستکردنی شاروچکەکانی سەنعەتی و شوێنەکانی بازرگانی کردنی ئازاد

پ- سەر لە نوێ دروستکردنی شوێنەکانی زیان لێ کەوتووی شەڕ

الف- بەرێوەبردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و پەیمانەکانی بای بێک :

لە ڕێژیمی کوماری ئیسلامیدا تەوەرەی کارەکان لە سەر ئەساسی پڕوپاگەندە بە قازانجی ڕێژیم لە ناوخۆ و دەرەوە بەڕێوە دەچێ و قورسایی زۆری هەزینەکان دەکەوێتە سەر ئابووری وڵات ، و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری بە هۆی ئەم زەبرانە کەوتنە مەترسی ، پلانەکانی لێکوڵینەوە و کۆنترۆڵ و دیاریکردنی هێڵی ئاوە ڕەوەکان و چاککردنی تورەکانی ئاودێری زەویە کشت وکاڵیەکانی وڵات ، بە بێ بەرنامەیێکی ئۆسوڵی و لە سەر ئەساسی هێزی کار بەدەستانی ڕێژیم لە شوێنە جیاجیاکان جێ بە جێ کرا و زۆربەی ئەم پرۆژانە بۆ پڕوپاگەندەی ڕێژیم بوو ، و پاش تەرخان کردنی بووجەیێکی زۆر ڕاگیرا و پلانەکانی دیاریکردنی هێڵی ئاو بۆ مەسرەفی شارەکان تەرخان کرا .گواستنەوەی بێ ڕەویەی ئاوە ڕەوەکانی ناوچەیی ، ئاوەکانی ژێر زەویان خستە مەترسی و زەویەکانی کشت و کاڵی کەوتنە مەترسی لە ناوچوون . هەزینەی زۆری جێ بە جێ کردنی پلانەکان کەوتنە ژێر دەستی گروپە مافیائیەکان یان بوو بە بووجەی پروپاگەندەی ئورگانەکانی سەرکوتگەری ڕێژیم . زۆربەی پلانەکانی چاککردنی بەنداو و کۆنترۆڵی لافاو ناتەواو مایەوە و هێندێکیان پاش ماوەیێکی زۆر بە تەرخان کردنی بووجەیێکی فراوان لە سەر یەک کۆ کران و داهاتوویێکی زۆر تاریک بۆ سەرچاوەکانی ئاو چاوەروان دەکرێت .

لە سەنعەتی نەوت و گازدا وەزع لەمە باشتر نەبوو ، ڕێژیم بۆ دابین کردنی سەرچاوەی ماڵی توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ناردنی نەوت وگاز بۆ دەرەوەی وڵات و کەوتە تەعمیر کردنی بیرەکانی نەوت و بووریەکانی شەبەکەی گواستنەوەی ئەم سەچاوە سرووشتیانە ، دەستی داێە مۆر کردنی پەیماننامە لە گەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان و پێش فرۆش کردنی پاشکەوتەکانی نەوت ، یان بە هەرزانترین قیمەت دراێە پاوانخوازە نەوتیەکان ، نەوتی خاو بەشێکی درا بە سوریە بە مەبەستی تەبلیغات . لە گەڵ ناکۆکی لە نێوان ئێران و ئەمریکا ، گەڕان بە دوای بازاڕ و ناردنە دەرەوەی نەوت لە گەڵ گرفتی زۆر بەرەو ڕوو بوو ، ڕێژیمی ئیسلامی بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ ئەم کوسپانە دەستی دایە مۆر کردنی پەیمانەکانی کوێلەباری بای بک کە لە زەمانی دیکتاتۆری شا بە هۆی کۆمپانیا پاوانخوازەکانی ئەمریکا و ئینگلیس گەڵاڵە و جێ بە جێ دەکرا ، ئیمتیازە تایبەتیەکانیش تەرخان کرا بۆ کۆمپانیاکانی نەوتی ، و پورسانتە زۆرەکان کەوتە دەستی سەکردەکانی حکوومەت . و سەنعەتی نەوتی ئێران کەوتە دەستی پاوانخوازە نێودەوڵەتیەکان و گروپەکانی مافیای ماڵی .

هاوکات لە گەڵ هاتنی بەربڵاو بۆ شارە گەورەکان ، بینا سازی و پێکهاتنی شاروچکە لە نزیک شارە گەورەکان پەرەی پێدرا و خزمەتگوزاری شاری هەزینەیێکی زۆری سەرفی خۆی کرد و هێندێک گۆرانکاری لە روخساری شارەکان بە تایبەت شاری تاران دروست بوو .



باڵاخانە گەورەکان دروست کران و شارەوانیەکان خەریکی وەرگرتنی باج لە خەڵك بوون . زەوی قەراخی شارەکان کەوتە ژێر ڕکیفی مڵکایەتی شارداریەکان و شارداریەکان لە ڕێگای فرۆشتنی زەویەکان بووجەکانیان وە دەس دەهێنا . شارداریەکانی شارە گەورەکان بە چاککردن و هاوکاری بە چاککردنی فرۆشگا و پاساژە جۆراوجۆرەکان چوونە ناو کاری پەرەپێدان و بازاری پەرەپێدانیان لە گەڵ قەیران بەرەو ڕوو کرد ، بە بێ گەڵاڵەی کۆمەڵی شاری و بە پەرەپێدانی بینا سازی و بە بێ گوێ دان بە خزمەتگوزاری شاری ، قەێرانیکی قووڵیان لە شارەکان دروست کرد . کۆمپانیا بچووك و گرێدراوەکانیان دامەزراند و بە کەڵك وەرگرتن لە ئیجارە ئابووریەکان و وەرگرتنی پورسانتە زۆرەکان پەرە بە گروپی مافیای ماڵی پێشکەوتوویان دا و شارەوانیەکانیان کردە بۆنگاکانی ماڵی و خزمەتگوزاری لە دەستی خۆیان گرت .

ب- دروستکردنی شاروچکە سەنعەتیەکان و ناوچەکانی ئازادی توجاری

بوونی بەشی پەرەپێدان و کارخانەکان گرفتی ملیونەها بێکار بە تەنیا چارەسەر ناکات ، بەڵکو پەرە بە بێکاری دەدا . بە بوونی هێزی ئازاد کراو لە شەڕ و هێزی کاری هەرزان ، ڕێژیم لە سەر ئەساسی قازانجی بورژوازی توجاری و مافیای ماڵی بە دەس هاتوو لە شەڕ دەستی داێە هێندێك کاری پشتیوانی کردن لە بەشی بەرهەم هێنانی مەوادی مەسرەفی ، تا لەم ڕێگایە پێداویستیەکانی بازاری ناوخۆیی بگاتە بازاڕەکانی خارجی . بە کۆکردنەوە و دروستکردنی شاروچکە سەنعەتیەکان و سپاردنی وامی زۆر بە دەستی خۆیی‌یەکان ، بەشێك لە سەرمایەکانی سەرگەردان بەرەو لای پیشە و کارخانەکان بە تایبەت بەشی ڕەستن و چنین ڕاکێشران . لەوێدا کە گەڵاڵە دارێژران و جێبەجێ کەرانی ئابووری وڵات لە گروپە مافیاکان و تاجرە سۆنەتیەکان پێکهاتوون و قازانجی زۆر و کۆتوپڕیان لە سەرەوەی بەرنامەی خۆیان داناوە ، لە ناوچەکانی باشووری ئێران ناوچەی ئازادی توجاریان دروست کرد و لە سیاسەتی گشتی یاسای ئەساسی ڕێژیم دەریان هێنا . لە ڕێگای ناوچەی ئازادی توجاری ، خوازیاری سەرمایەدانان و دروست کردنی کارخانەکانی سەنعەتی بوون ، ئەم ناوچانە کەوتە ژێر دەسەڵاتی مافیای ماڵی و توجاری و ناوەندی توجاری و دەڵاڵی دەستی دووهەمی وڵاتانی باشووری کەنداوی فارس . لە گەڵ سیاسەتی ناوچەکانی ئازادی توجاری ، بازاری ناوخۆیی خرایە بەر هێرشی دەڵاڵەکان و سەنعەتە ناوخۆئیەکان ڕاوەستا و بازاڕ لە گەڵ قەێران بەرەو ڕوو بوو و زۆربەی ئەوان تووشە هەڵشکان بوون و زۆربەشیان داخران .

لە لایێکی‌تر لە گەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەتی " خۆدکەفائی " وزارەتخانەکان و دام و دەزگاکانی‌تری دەوڵەتی هەر کام کەوتنە دەس تێ وەردانی کار و باری خزمەتگوزاری و بەرهەم هێنان ، و

بەڕێوەبەرانی حکومەتی باندەکانی مافیایی زۆر بە هێزیان دامەزراند . " بنیاتی موستەزعەفان " رووی هێنایە دروستکردنی بورج و بینا و چاککردنی ڕێگاوبان و کشت و کاڵی و بنیاتەکانیتر کەوتنە چاککردنی فرۆشگا گەورەکان و بۆنگاکانی ماڵی و هەر کام لە وزارەتخانەکان کۆمپانیایان دروست کرد و خستیانە ژێر دەستی بەڕێوەبەرانی جێگای متمانەی خۆیان . وزارەتی ئیتلاعات ، کۆمپانیاکانی ناردنە دەرەوە و هێنانە ناوخۆی ڕۆژئاوای وڵاتی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی . بە هەر حاڵ بەرهەمی ڕێکخستنی دەوڵەتی هاشمی و بەرنامەکانی ئابووری ئەو پێکهاتووە لە بە هێز بوونی گروپەکانی مافیای حکومەتی ، زۆر بوونی هەژاری و بێکاری ، هەڵشکان ، زۆر بوونی جیاوازی چینایەتی ، قەرزداری کەمەر شکێن بە بانکەکانی نێودەوڵەتی و هەڵشکانی ئابووری وڵات .

پ ـ نوژەن کردنی ناوچەکانی زیان لێ کەوتووی شەڕ

زیانەکانی شەڕ بەربڵاوە ، ئەوەی روونە ڕێژیم هێز و بەرنامەی باشی بۆ نوژەن کردنی ناوچە وێرانکراوەکانی شەڕی نییە . دروشمی ئەم شەڕە نیعمەتە ، بووە هۆی نارەزایەتی خەڵکی دژی شەڕ لە کاتی شەڕ و ئێستا بووە هۆی نارەزایەتی دژی سازکەرانی شەڕ، ڕێژیم زیاتر لە هەر شت بیر لە ئەمنیەتی مافیای ماڵی و ڕاگرتن و پەرەپێدانی هێزەکانی سەرکوتگەر و هەروەها ئەمنیەتی ناوچەی نەوتی و بە دوای ڕێککەوتننامەکانی کوێلەباری نەوتی لە گەڵ کۆمپانیاکانی ئیمپریالیستی بوو .

لەم بارەوە ڕێژیم دەستی دایە پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئەمنیەتی وەک جادەکان و دروستکردنی سەربازخانەکان و هێڵی ئەمنیەتی چاندنی قامیشی شەکر بە بووجەیێکی زۆر . لە گەڵ جێ بە جێ کردنی پرۆژەی قامیشی شەکر دانیشتووانی گوندەکان و ناوچەکەی مەجبوور بە کۆ رەو کرد .

ڕێژیم هەروەها بۆ دەرباز بوون لە دەستی بزووتنەوە کرێکاریەکان دەستی نەدایە نوژەن کردن و چاکسازی سەنعەتەکان . بە دامەزراندنی ستادی نوژەن کردنی ناوچەکانی شەڕ دەستی دایە چاککردنی دامەزراوە حکومیەکان و مزگەوتەکان و لە گەڵ دانی قەرزی بانکی کەم و بە بێ پشتیوانی کردن بە ئەوانەی تووشی زەرەر و زیان بوون ، بە کردەوە نوژەن کردنی ناوچەکان لە گەڵ شکست بەرەو روو بوو .

ت ـ بەرگری لە ڕاپەرینەکانی کۆمەڵایەتی ، لە ناو بردن و تیروری نەیاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات

لە گەڵ هێرشی درندانە و زەبری کوشندە ، بزووتنەوەی نارەزایی چین و توێژەکانی سەرکوت کرد و لە گەڵ پاشەکشەی کاتی بزووتنەوە ئاوا کەش و هەوای سیاسی داخراوی بە سەر کۆمەڵگا داسەپاند کە هیچ ڕێکخراو و گروپێک نەیتوانی بە شێوەیێکی بەربڵاو خۆی ڕێک بخات . بەم



حاڵەیشدا ڕێژیم هەر کات بەرنامەکانی بەکردەوەی بۆ سەرکوتی ئەگەری ڕاپەرینەکانی خەڵکی و گروپە سیاسیەکان و ئازادیخوازان ئامادە دەکات و تەنیا لایەنی هاوبەشی هەموو باڵەکانی ڕێژیم بووە و تا ڕادەیێک پەیڕەوی بەرنامەکانی هاوبەشیان کردووە لە جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانیش پێکەوە کار دەکەن .

١ـ دروشمی هەمیشەیی بەڵێن و فریو

٢ـ کەش و هەوای داخراوی سیاسی و سەرکوت

١ـ دروشمی هەمیشەیی بەڵێن و فریو

ئەم جارە فریو و درۆ ڕاستەوخۆ لە زمانی هاشمی رەفسنجانی و روو بە ئێرانیەکانی ناوخۆ و دەرەوە بوو . بە ووتنی گیر و گرفتەکانی سەرەکی وڵات هەموو کەسی بۆ نوژەن کردن و دروست کردنی وێرانکاریەکانی شەڕ لە ژێر چاوەدێری و ڕێبەرایەتی ڕێژیم بە هاوکاری بانگهێشت کرد . کۆمەڵانی زەحمەتکێش بۆ فیداکاری هەرچی زۆرتر و دیفاع لە ئیسلام و کۆماری ئیسلامی بانگەواز کرد و موژدەی داهاتوویێکی پڕ ئومێدی دایە خەڵک .

٢_کەش و هەوای داخراوی سیاسی و سەرکوت

ڕێژیم پێویستی بە ئاسایشی تەواو لە کۆمەڵگای بوو . لە یەکەم هەنگاودا وزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە ئەو بۆ جاریکیتر ڕێکخران و فێرکردنی شەڕ لە گەڵ مەشقی سەربازی بۆ ئەگەری سەرکوتیان بە ئەستۆ گرت . توانای کونترۆڵی ڕێکخراوی ئیتلاعات و ئەمنیەتی بە سەر هەموو ئورگانەکانیتر مسۆگەر کرد . ئاخرین و تازەترین دەزگاکانی سەرکوت درایە وزارەتی ئیتلاعات و گروپەکانی پسپۆر و شارەزا و دەستەکانی تایبەتی چالاکی دامەزراند . هێزەکانی سوپای پاسداران و بەسیجی بۆ سەرکوتی جووڵانەوە و نارزائیە گشتیەکان ڕێکخست و لە هەر کام لە وزارەتخانەکان بەشی ئیتلاعاتی زۆر بە هێزی دانا و تەنانەت دەسەڵاتی گۆڕین و گواستنەوەی مودیرانیان بە دەستەوە بوو . شەبەکەی سیخۆڕی ڕێژیم زۆر پەرەی ساند ، دەستەکانی جۆراوجۆر لە وزارەتی ئیتلاعات پێکهات و هێز و دەسەڵاتی یەکجار زۆریان پێدرا .

ئەلف_ چاوەدێری و دەس نیشان کردنی نەیارانی ئامادەی چالاکی و زیندانیانی ئازاد کراو

کۆماری ئیسلامی کۆمەڵانی خەڵک بە دو بەشی خۆیی و ناخۆیی دابەش دەکات . و ئەم سنوورکێشانە زۆر ئاڵ وگوڕێ بە سەر دێت و لە هێندێک کاتدا لە گەڵ گوێ نەدان بە بڕیارەکانی حکومەتی خۆییەکان دەبنە غەیری خۆیی . بۆیە وزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی ڕێژیم ڕۆڵی گرێنگ لە چارەنووسی ڕێژیم دەبینێ و ئورگانەکانی گرێنگی ئەو بە سەر هەموو ئورگانەکانی ڕێژیم زاڵە . لە هەمان حاڵدا هەموو هێزەکانی لە لایەن ئورگانەکانیتر کۆنترۆڵ

دەکرێ . دایرەکانی حکوومی لە لایەن دەستەی ئیداری چاوەدێری جێگیر لە دایرە و کارخانە و دامەزراوەکان و . . . پەیوەست دەبنە وزارەتی ئیتلاعات و کونترۆڵ دەکرێن .گەرەکەکانی ناو شار لە لایەن دەستەکانی ئیتلاعات لە مزگەوتەکان و بەسیج و ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی ، هێزەکانی نیزامی و لە لایەن ئورگانی ئەمنیەتی جێگیر لە دەستەکانی چەکدار و لە کۆتاییدا لە هەموو ئیمکاناتی کەش و هەوای پۆلیسی کەڵک وەر دەگرن و لە ڕێگای شوورای دابین کردنی پارێزگا و شارەکان و شوورای ئەمنیەتی میللی دەستیان دەگاتە هەموو زانیاریەکی پێویست . بۆ کۆکردنی زانیاری سەبارەت بە ئیرانیانی دانیشتووی دەرەوەی ولات ، کومیتەی دەرەوەی ئەم ئورگانە لە ڕێگای باڵوێزخانە و نوێنەرایەتیە فەرهەنگیەکان و . . . و ئەندامانی ئیتلاعات لە ژێر ناوی بازرگان و فەرمانبەرانی دەوڵەتی کار دەکات . وزارەتی ئیتلاعات بە دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بازرگانی و . . . ئەندامانی خۆیی لە ژێر چەتری ئەم کۆمپانیانە بۆ بە دەس هێنانی زانیاری ڕێک دەخات . هەروەها لە نەیاران و ئەندامانی پچراو لە ڕەوتە سیاسیەکانیش کەڵک وەر دەگرێ .

ب_ ڕێکخراوی تیرور

ڕێژیم لە پروگرامی تازەی بۆ دەرچوون لە نارەزایەتیەکانی ناوخۆیی و دەرەوە دەستی داوەتە پێک هێنانی گروپەکانی تیرور و بێ ئەوەی کە جێ پێ لە خۆی بە جێ بهێلێ دەستی داوەتە لە ناو بردنی نەیارانی ڕێژیم . بە شێوەیێکی گشتی گەڵاڵەی تیروری ئاوا دادەرێژێ تاکو گرفتێکی شەخسی و یان ئاکامی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی گروپە سیاسیەکان نیشان بدات .

بۆ بەرگری لە ئاشکرا بوونی کردەوەکانی تیروریستی لە وزارەتی ئیتلاعات ، ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بە ناو ڕێکخراوی تیرور دامەزراوە و لە ڕێگای بەرپرسی راستەوخۆی دەستە لە وزارەتی ئیتلاعات پەیوەندیی هەیە بە بەرزترین بەرپرسانی ئیتلاعات . ڕێکخراوی تیرور ، گروپی تایبەتی پشکنین بۆ لێکولینەوە سەبارەت بە هەڵسوکەوت و کردەوە و پەیوەندیەکان و شوێنی دانیشتنی ئەوانەی کە بڕیار وایە تیرور بکرێن ئەنجام دەدا و پاش پێداچوونەوەی ورد ئەیداتە گروپی تایبەتی تیرور و گروپی تایبەتی تیرور جێ بە جێی دەکات . لە ناوخۆ ولات بە ئیمکاناتی تایبەتی و زۆر بەربلاو کە وزارەتی ئیتلاعات هەیە و لە ڕێگای ئەندامانی بەسیج و یان بنیاتەکانی دەوڵەتی و کۆمپانیاکانی سەر بە ئەوان و نهێنی وەک کۆمپانیاکانی بازرگانی ، راوێژکاری ، نووسینگەکانی پارێزەری ماف و . . . زانیاری بە دەس دێنێ و ئەداتە گروپی تایبەتی تیرور و جێ بە جێ کردنی کردەوەی تیروریستی بە چەکی سارد و یان رووداوی دەسکرد و یان بە رواڵەت خۆکوژی روو دەدات .



لە دەرەوەی ولات مەسەڵەکە ئاڵۆزترە و دابین کردنی ئیمکانات وەک ناوخۆ ولات نیە و پەیوەندیەکان بە خێرایی ئاشکرا دەبێت . زانیاریەکانی پێویست بۆ دەس نیشان کردن و جێ بە جێ کردن لە ڕێگای کەسانی ژێر دەستی خۆیان و لە ڕێگای باڵوێزخانە و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار جێ بە جێ دەکرێ . پاش پەیوەندیەکان و ناونیشانی ئەو شوێنانەی کە کەسی مەبەست لێ کەڵک وەر دەگرێ و . . . ئەدرایە ڕێکخراوی تیرور و پاش پەسەند کردنی بە گروپی تایبەتی تیرور ڕایان دەگەیاند . ئەرکی باڵوێزخانەی پەیوەندیدار بوو کە ئیمکانات و بەڵگەکانی تەزویری گروپی تایبەتی تیرور دابین بکات و پاش کردەوەی تیروریستی ، تیروریستان لەو ولاتە دەرباز بکات . پێویستە بزانین لە چالاکی تیرور لە تیروریستانی نەتەوەکانیتر و تیروریستانی نێونەتەوەیی کەڵک وەر دەگرن .

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەورەی هەشت ساڵەی سەروک کۆماری هاشمی رەفسنجانی تیروری جۆربەجۆری ئەنجام داوە . سەرئەنجام لە گەڵ ئاشکرا بوونی تیرورەکان و مەحکووم بوونی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای میکونوس پەیوەندیەکان لە گەڵ ولاتانی سەرمایەداری تووشی قەیران بوو . لە گەڵ ئاشکرا بوونی تیروری فروهەر نارەزایەتیەکانی سیاسی لایەنێکی تازەی بە خۆوە گرت و بە ئاشکرا بوونی ئەو لە ئاستی جیهانی ، تاقمەکانی مافیایی ڕێژیم کەوتنە گیانی یەکتر و ئاشکرا کردنەکان پەرەی ساند . هەر کام لە باڵەکان بە مەبەستی داواکاری زۆرتر هێرشی بردە سەر رەقیبی خۆی و بە سەر ڕەوتی گشتی ئاشکرا کردنەکان سوار بوون ، لە لایێکی دیکەوە هەواڵەکانی جۆربەجۆر لە هەر کوڵان و گەرەکێک بڵاو بوو . دەوڵەتانی رۆژئاوا بە کەڵک وەرگرتن لە بڵاوکراوە و شەبەکەکانی رادیو و تەلەفزیونی نێونەتەوەیی هاوئاهەنگ بوون و باڵی دووی جۆرەردانیەکانیان ( خەتی ئیمامیەکان ) بە هێز کرد و جێ پێی خۆیان لە ناکۆکیەکانی باڵەکان لە ڕێگای دووی جۆرەردانیەکان کردنەوە . لە گەڵ سیاسەتی دەسەڵاتداری باشەکان لە لایەن هاشمی رەفسنجانی تاقمی مافیای ماڵی بە رخنە کردن لە سیستەمی بوروکراتیکی دەوڵەتی پێک هات و بە کەڵک وەرگرتن لە رانتەکانی دەوڵەتی و وەرگرتنی پورسانتەکانی زۆر ، سامانی میللی لە هێڵی بەرهەم هێنان وە دەر هێنا و بردیانە ناو ژمارەکانی بانکی خۆیان و ولاتیان تووشی قەرزی زۆر کرد . لە گەڵ تووند بوونی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، دژایەتی چینایەتی گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و قەیرانی بێکاری بە پێ سەرژمێری رەسمی لە سنووری دوو ملیون کەس تێپەری و خەتی سووری هەژاری تۆختر کرا و هەر رۆژ پەرەی دەگرت . ئاشکرا کردنەکان و پەرەسەندنی قەیران لە بوارەکانی جۆربەجۆر ، نارەزایەتیەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دوادا بوو و کەش و هەوای داخراوی سیاسی شکا .

لە گەڵ شکستی ڕێژەیی خەفەخانی مەزهەبی دژایەتیەکانی ناوخۆیی حکومەت پەرەی ساند . شکستی بەرنامەکانی ڕێژیم و مەترسی رووخان ، باڵەکانی بۆ جارێکی‌تر و سەرەرای بوونی دژایەتیەکان پێکەوە نزیک کرد تاکو ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمەڵگا کۆنترۆڵ و لە کاتی خۆی هێرشی خۆیان دەس پێ بکەن .

بە تەواو بوونی دەورانی سەروک کۆماری هاشمی ، قەیرانی دیاریکردنی کەسێک بۆ سەروکایەتی هێزی بەرێوەبەری لە نێوان سەرکردەکانی ڕێژیم پەرەی ساند . باڵی بە هێزی پەیرەوی وەلایەتی فەقیح خۆی بۆ بە دەستەوە گرتنی هەموو دەسەلات ئامادە دەکرد و دەستی دایە ئاشکرا کردنی بەربلاو و سیاسەتەکانی قەیران خوڵقێنەری ئابووری و رانت خواردنەکانی دەورەی هەشت ساڵە و بەکردەوە هاشمی‌یان چەك کرد و ناتق نوری‌یان وەك کاندیدای سەروك کۆماری ناردە ناو مەیدانەوە . کۆمەڵگای نائارام و نیگەران لە زەختەکانی مەزهەبی رووی هێنایە ئاشکرا کردن دژی ناتق نوری . باڵ و دەستەکانی خەتی ئیمام دەس بە کار بوون و لە بارودۆخی پێك هاتوو کۆبوونەوەکانی یەك بە دوای یەك لە ماڵی هادی خامنەیی بەرێوە بردن تاکو کاندیدایێك لە نێوان خۆیان کە لە لایەن جەستەی ڕێژیم و کۆمەلانی خەڵك قبووڵ بکرێ بدۆزنەوە و وەك کاندیدا بە خەڵکی بناسێنن و پلەی سەروك کۆماری بە دەس بێنن . لە یەکەم هەنگاو باس لە میر حوسێن موسەوی کرا ، میر حوسێن موسەوی خۆی کاندید نەکرد . بە دانانی خاتەمی دەستیان دایە وت و وێژ لە گەڵ خامنەیی و هاشمی ، بە قبووڵ کردنی ئەوان خاتەمی وەك کاندیدای سەروك کۆماری هەڵبژێردرا . هاشمی و مافیای ماڵی دەوڵەتی بۆ پاراستنی ڕۆڵی خۆیان و بەرنامەکانی ئابووری دەوڵەت و بە دەستەوە گرتنی ئامرازاەکانی گرێنگی حکومەتی و ناوەندەکانی ئابووری و کارخانە و سەنعەتەکان لە ڕێگای بازاری بورس و بۆ یاسایی و ئاشکرا کردنی سامانەکانی بە خۆرایی بە دەس هاتوو و راگەیاندنی بوونیان وەك چینی سەرمایەداری یاسایی و بە مەرجی جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی ئابووری هاشمی ، پشتیوانی خۆیان لە خاتەمی راگەیاند . و لە ڕێگای حیزبی کارگوزارانی سازەندەگی و رۆژنامەی هەمشەهری سەر بە شارەوانی تاران تەبلیغاتی خۆیان دەس پێ کرد . ئەساسی پێ راگەیاندنەکانی خەتی ئیمامیەکان لە سەر یاساپەروەری و ڕێزدانان بۆ مافەکانی تاکەکەسی و کۆمەلایەتی و ئەمنیەتی سەرمایەدانان لە سیاسەتی ناوخۆیی و دروشمی راکێشانی سەرمایەدانانی دەرەوە و لابردنی ناکۆکیەکان لە سیاسەتی دەرەوە و نزیکی بە وڵاتانی ناوچە و سەرمایەداری رۆژئاوا و تەنانەت وت و وێژ لە گەڵ ئەمریکا بوو . راوێژی زۆر سەبارەت بە ڕێزدانان لە مافەکانی کۆمەلانی خەڵك و ئازادی بڵاوکراوەکان و ئەحزاب کرا . باڵی خەتی ئیمامی بە



تێگەیشتن لە قەیرانی گشتی کۆمەڵگا و سوار بە سەر نارەزایەتی گشتی توانی لە ڕێککەوتنەکانی ڕێژیم سەروك کۆماری بە دەس بێنێ و لە گەڵ شیرێکی بێ کلك و یاڵ بە دوای بەرنامەکانی سندووقی نێونەتەوەیی و بانکی جیهانی بچێت و لەم دابەشکردەنەدا وزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەرایەتی ناوچەکان بووە بەشی ئەو ، لە گەڵ رخنە کردن لە وزارەتی ئەرشاد ( راهێنان ) و چاپکردنی هێندێك لە رۆژنامەکانی سەر بە ئەو باڵە دەستی دایە پێراگەیاندنی بەربلاو . بارودۆخی کۆمەڵگا و پێکهاتی باڵەکانی دەسەلات و پێراگەیاندنەکانی بەربلاوی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا بووە هۆی دژایەتی و ناکۆکی تازە و قووڵتر لە ناوخۆی ڕێژیم . هەموو ڕێککەوتنەکان بە توندی لە گەڵ مەترسی شکان رووبەروو بوون . باڵی خەتی ئیمام ( دووی جۆزەردان ) دەستی دایە دامەزراندنی ئەحزاب و بڵاوکردنی رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی جۆربەجۆر و ئاشکرا کردن دژی باڵی رەقیب . دووی جۆزەردانیەکان توانیان متمانەی ڕێژەیی کۆمەلانی خەڵك بە دەس بێنن و لە سەودای ناوخۆیی دەستیان پڕ بێت .

بە ووتەی یەکێك لە تیئوریسیەنەکانی دووی جۆزەردانی بە ناو سەعید حەجاریان لێکولێنەری بێ رەحمی زیندانی ئیوین و یەکێك لە بریکارەکانی وزارەتی ئیتلاعات لە کاتی ئیعدامەکانی سەرانسەری زیندانیانی سیاسی ، سیاسەتی زەخت هێنان لە خوارەوە و چەقە کردن لە سەرەوە کردوونەتە سیاسەتی خۆیان و بە رێ خستنی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت ( نووسینگەی سەقامگیری یەکگرتن ) جوولانەوەی خوێندکارانی زانکۆیان کردە ئامرازی سات و سەودای خۆیان . باڵی دووی جۆزەردان بە بەرنامەی بە دەستەوە گرتنی سیاسی و بەرێوەبەرایەتی و بە بێ بەرنامەی ئابووری لە سەر ئەساسی هەل و مەرجی تازە بە کردەوە شکستی هێنا و تەنیا توانی هەڵویستی نارەزایەتی ڕاگرێ و ئامرازەکانی بە رواڵەتی بە دەستەوە بگرێ . دووی جۆزەردانیەکان بە نارەزایی دەربڕین نیسبەت بە توندڕەوترین گروپ واتە ئەندامانی قوتابخانەی حەقانی ، هاشمی‌یان ئاشکرا کرد . بە ئاشکرا کردن دژی هاشمی و بەرێوەبەرانی دەوڵەتی دژایەتیەکانی ناوخۆیی دووی جۆزەردانیەکان دەستی پێ کرد و بەرێوەبەرانی نوژەن کردنی تووشی هەڵوەشانەوە کرد . باڵی خەتی وەلایەت بە زەخت هێنان دژی بڵاوکراوەکانی دووی جۆزەردانی توانی باڵی دووی جۆزەردان بخاتە هەڵوییستی دیفاعی ، بە ئاشکرا کردن دژی بەرێوەبەرانی ئابووری و گرفتەکانی ئابووری ، هاشمی‌یان لە بەرانبەر دووی جۆزەردانیەکان دانا .

لە گەڵ پەرەسەندنی قەیرانی کۆمەلایەتی و ئابووری و جوولانەوەی پەرەئەستێنەری کۆمەلانی خەڵك و بێ هیوایی نیسبەت بە گۆرانکاریەکانی حکومەتی ئۆتۆریتەی دووی جۆزەردانیەکان لاواز

بوو . باڵی سەرکەوتوو بە تێگەیشتنی ئەم مەسەڵەیە هێرشی خۆی بۆ سەر بڵاوکراوەکان توند کرد و ڕۆژنامەی سەلام وەک یەکێک لە وتەبێژانی ئەم باڵەیان داخست و دووی جۆزەردانیەکان لە ڕێگای دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی دانشجوویی ( نووسینگەی سەقامگیری یەکگرتنی خوێندکارانی زانکۆ ) نارەزایەتیەکان دژی داخستنی ڕۆژنامەی سەلام ڕێک خستن و هۆکارەکانی سیاسی چوونە قۆناغێکی نوێ . دووی جۆزەردانیەکان کە نەیانویست نارەزایەتیەکان لە سنووری دیاریکراوی ڕێککەوتنەکان تێ پەڕێ ، دەستیان دایە کۆنترۆڵی نارەزایەتیەکان . باڵی وەلایی بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕێککەوتنەکان هێرش بۆ سەر ڕێکخستن و پێکهاتەکانی سەرەکی دووی جۆزەردانی شکست خواردوی ڕاگەیاند . بە پەرەساندنی جووڵانەوەکانی نارەزایی خوێندکارانی زانکۆ و هاوپشتی کۆمەلانی خەڵک قۆناغی نوێ لە جووڵانەوەی خوێندکارانی زانکۆ دەستێ پێ کرد و ڕێگای خۆی لە دووی جۆزەردان جیا کرد و جووڵانەوەی نارەزایی دژی تەواوەتی دەسەڵات بردە ناو شەقامەکان . بە هێرشی هەموو لایەنەی ڕێژیم بۆ سەر جووڵانەوەی نارەزایی لە ساڵی ١٣٧٨ و لە لایەن باڵەکانی ناوخۆیی ڕێژیم لە ناو چوو و بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ و کۆمەڵانی خەڵک چووە قۆناغێکی نوێ و دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیم بە هۆی بزووتنەوەی خەڵکی کەوتە دەستوری ڕۆژ و قۆناغی دەیەی دووهەمی ڕێژیمیش کۆتایی پێ هات .

قۆناغی دە ساڵەی سێهەم

دەورەی سێهەمی دە ساڵە ، قۆناغی دیاریکەر بۆ مافیای ماڵی و ئایدولۆژی ئیسلامی دەبێ . بە سیاسەتەکانی ئابووری مافیای ماڵی ، بوروکراسی دەوڵەتی پێک هات . مافیای ماڵی بۆ پارێزگاری لە سامان و سەرمایەی بە دەس هاتوو ، بە مەبەستی یاسایی کردنی تاڵان و دزی خۆی بە تەمای خوڵقاندنی بارودۆخی گونجاو بۆ ئاشکرا کردنی سەرمایەکانی خۆیە . بە پاراستنی ئایدولۆژی ئیسلامی ، دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بەرز دەکاتەوە . مافیای ماڵی خوازیاری بە دەستەوە گرتنی ناوەند و بنیاتەکانی ئابووری و ئامرازە سەرەکیەکانی سیاسیە و لە گەڵ پلانی دانی سەنعەت و دامەزراوە ماڵیەکان بە بەشی خسوسی و لایەنگری لە سەرمایەدانانی دەرەوە ، داوای یارمەتی لە سەرمایەی جیهانی دەکات . پەرە بە بنیاتەکانی دەسەڵاتی حکومەتی دەدا و بە تەمای لە ناو بردنی پاشماوەی بنیاتەکانی بە ڕواڵەت خەڵکیە و یان بە شێوەیەکی تەواو فورماڵیتەیان بکات . تاقمی مافیای ماڵی بازار ، خوازیاری بە دەستەوە گرتنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوەیە بە شێوەیەکی تەواو و هەروەها لە ناو بردنی دەس تێ وەردانی دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی لە زەمینەی بازرگانی و دابەشکردن و دەوڵەت وەک پشتیوانی خزمەتکاری خۆی و بە دانی بووجەکانی میللی و بە هێز کردنی هێزەکانی سەرکوتگەر خوازیاری لایەنگری ئەو لە



قازانجەکانی خۆیانن . لە لایێکیترەوە لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی سەنعەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتەکانی جۆراوجۆر ، ئامرازەکان و ئیمکاناتیتر لە خزمەتی بازاری دەوڵەتی دادەنێن و بەرەبەرە لە ناویان دەبەن . لە لایێکی دیکەوە دژی تاقمی مافیایی بوروکراسی دەوڵەتی هەڵدەستن و بە ئاشکرا کردن دژی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و گەڵاڵە دارێژەرانی ئابووری خوازیاری بەربەست کردنی ڕادە و دەسەڵاتی هێزی جێ بە جێ کەرن . لە بەرانبەردا مافیایی ماڵی بوروکرات کە هاشمی ڕەفسنجانی پشتیوانیی دەکات ئامرازاەکانی سەرەکی ئابووری دەوڵەتی بە دەستەوەیە و لە ڕێگای بە کار هێنانی بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردن ، تاقمی زۆر بە هێزیان پێک هێناوە . بە دارشتنی بڕیارنامەکانی جێ بە جێ کردن ، سیاسەتی دانی سەنعەتەکان بە بەشی خسوسی بە قازانجی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی و دامەزراندنی بازاری بورس ، زەمینەیێکی زۆر باش بۆ بە دەستەوە گرتنی سەنعەت و ئیمکاناتی دەوڵەتی لە لایەن ئەم تاقمە پێک دێنێ . لە گەڵ ناونووسی و یاسایی بوونی ئەم کومپانیانە لە لایەن ئەم تاقمە و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتەکانی دەوڵەتی و سپاردنی پروژەکانی لێکولینەوە و جێ بە جێ کردن بەم کومپانیانە ، بووجەکانی ئاوەدانکردنەوە و جێ بە جێ کردن دەدرێتە ئەم تاقمە . ئەم تاقمە خوازیاری بە هێز بوونی بەڕێوەبەرانی دەوڵەتیە تاکو لەم ڕێگایە بتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات . و خوازیاری دانی دەسەڵاتی زۆرترە بە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی .

باڵی خەتی ئیمامی بە ڕێکەوتن لە گەڵ مافیای ماڵی بوروکراسی و سوار بە سەر نارەزایەتیەکانی کۆمەڵانی خەڵک ، بە دوای جێگایێکە بۆ خۆی لە هێزی جێ بە جێ کردن و یاسا دانان . ئەم تاقمە لاوازە لە مەترسی ڕووخانی ڕێژیم و بە دروشمی پاراستنی ڕێژیم ، خوازیاری یەکیەتی هەموو باڵەکانە . ئەم تاقمە بە پاڵدان بە نارەزایەتی خەڵکی و هێزەکانی تەواوەتی ڕێژیم ڕووی هێناوەتە سات و سەودا لە گەڵ باڵەکانیتر و توانی شوێنە سەرەکیەکان لە پێکهاتی دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ و ڕۆڵێکی ناتەواو ببینێ . ئەم باڵە توانی بە دروشمی کۆمەڵگای مەدەنی و وت و وێژی شارستانیەکان و ئازادی مەدەنی و ڕێزدانان لە یاسا ، بیر و بۆچوونی ناوخۆیی و دەرەوە بۆ لای خۆی ڕاکیشێ و گرێنگترین پروگرامەکانی ڕێژیم بە شێوەی خوارەوە بەیان بکات :

ئەلف _ بەردەوام بوونی سیاسەتی ئابووری ڕێژیم

ب_ سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندیەکان لە گەڵ جیهانی ڕۆژئاوا

پ_ ئەمنیەت و سەرکوتی نەیارانی ڕێژیم

ئەلف _ بەردەوام بوونی سیاسەتی ئابووری ڕێژیم

سیاسەتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی ناسراو بە سیاسەتی ئابووری هاشمی رەفسنجانی لە سەرەوەی بەرنامەکانی جێ بە جێ کردنی دانرا . گەلاڵە دارێژەران و بەرێوەبەرانی ئابووری کۆکراو لە بانکی مەرکەزی و رێکخراوی بەرنامە و بووجە و وزارەتخانەکانی گرێنگ دەسەلاتدار بە سەر ئەم ناوەندانە وەلا نران و ئاکامی بەرنامەی داهاتووی هێزی بەرێوەبەر بە شێوەی خوارەوەیە :

١_ بەردەوام بوون و جێ بە جێ کردنی پرۆژەکانی نیوەکارە و ناتەواو

پرۆژەکانی نیوەکارە لە سەنعەتی نەوت و گاز و ئاو تا ڕادەیێک لە سەری بەردەوام بوون . لە سەنعەتی نەوت و گاز پرۆژەکانی نوژەن کردن و چاککردنی بیرەکان و هێڵەکانی گواستنەوە و پومپ خانەکان بە مەبەستی ناردن بۆ دەرەوە ئەنجام درا . لە سەنعەتی ئاو پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو و چاککردن و دروستکردنی شەبەکەکانی ئاودێری و گەیاندنی ئاو وەزعی باشیان نەبوو و هەر کام لە پلانەکان بە بێ لێکولێنەوەی ئوسوڵی و بە مەبەستی قازانجەکانی شەخسی و باڵەکان ئەنجام دەدران . بە بوونی قەیرانەکانی بەرێوەبەرایەتی ، رێژیم نەیتوانی بەرنامەکان جێ بە جێ بکات و زۆربەی پرۆژەکان بە تایبەت لە سەنعەتی ئاو نیوەکارە مایەوە و بووجەیێکی زۆریان خستە سەر شانی خەڵکی ئێران . بێ توانایی لە کونترۆڵ و راهێنانی ئاو زەبرێکی قورس لە سەرچاوەکانی ئاوی وڵاتی دا و کشت و کاڵ و ژینگە لە گەڵ خەتەری لە ناوچوون رووبەروو بوو .

٢_ کەم کردنی قەبارەی دەوڵەت و دەسەلاتی ئەو بە سەر ئابووری

بە پێکهاتی نوێی هێزی بەرێوەبەری و نەبوونی پروگرامی روون لە سەرمایەدانان و بە کار خستنی بەرهەم هێنان ، بوروکراسی دەوڵەتی زۆر پەرەیٚ ساند و بنیاتەکانی نوێ دامەزرا . ناونووسی و یاسایی بوونی کومپانیاکان لە لایەن بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و پەرەسەندنی رانت خواردن ، بووجەکانی ئاوەدانکردنەوە و لە حاڵی گەرانی دەوڵەتیی خوارد . هێزی بەرێوەبەر بێ توانا لە کەم کردنەوەی ڕادەی فەرمانبەرانی دەوڵەت سەرەرای بوونی دژایەتیەکانی ناوخۆیی رێژیم ، بنیاتەکانی نوێ دامەزرا و بە زۆر بوونی ئەو بووجانەی کە بە بەرێوەبەرانی دەوڵەتی درا بوو قەیرانی ماڵی زۆرتر پەرەیٚ ساند . سەرەرای ئەوەی کە بوونی چەند بەرێوەبەرایەتی لە زەمینەی کەرەسە و مەوادی ناردراو و هاتوو بە شێوەیێکی نائاسایی بووە هۆی قەیرانی بێ سەر و بەرە لە بەرهەم هێنان و دابەشکردن و ئیفلاس و هەڵشکانی سەنعەت و دامەزراوەکان . بۆ دانەوەی قەرزەکانی دەرەوە و دابەزاندنی بایەخی کار بە داسەپاندنی سیاسەتی دراوی دەرەوە ، بایەخی دراوی میللی هێنایە نزمترین ئاستی خۆی لە ئاکام دا هێزی کرینی خەڵک دابەزی و قەیرانی



بێکاری و هەڵشکان و هەژاری هەموو کۆمەڵگای لە بەر گرت ، بە هەستانی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهانی بۆ جارێکیتر دەسەلاتی دەوڵەت بە سەر سەرچاوەکانی ماڵی و ئابووری زیاد کرا .

٣_ ئەسپاردنی سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی ماڵی بە بەشی خسوسی

هێزی بەرێوەبەر بریارنامەکانی زۆری کە لە چوارچێوەی یاسای ئەساسی رێژیم نەبوو بە پەسەندنی مەجلیس گەیاند، لە هێندێک جاریش لە گەل پەسەند نەکردنی شوورای نیگابان رووبەروو بوو ، و هەروەها هێندێک پەسەند کراوە و بریارنامەی لەم بوارە دەر کرد . توانی هێندێک لە سەعەتەکان لەم رێگایە بداتە دەستی بەرێوەبەران و بەشی خسوسی و هێندێکیتریش بە نارەزایەتی کرێکاری رووبەروو بوو و بەشێک لە سەنعەتەکان لە رێگای بازاری بورس فرۆشرا . بەرێوەبەران بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتی ئەسپاردنی ئەو سەنعەتانەی کە بەرپرسایەتی ئەوان لە دەستیان بوو تاکو سنووری هەڵشکان و داخستن بردن تاکو لەم رێگایە خاوەنی ئەوان بن . بە بێ پشتیوانی سیستەمی بانکی وڵات بەکردەوە لە گەڵ شکست و ئیفلاسی تەواو رووبەروو بوون . لە لایێکی دیکەوە مافیای ماڵی توجاری خەریکی بە دەستەوە گرتنی سەنعەتەکان و بنیاتەکانی جۆربەجۆری ژێر دەستی وەلایەتی فەقیح بوو و بنیاتی موستەزعەفان ( بێ بەشان ) توانی پەرە بە دامەزراوەی ماڵی بنیاتی موستەزعەفان بدات لەم رێگایە ئاڵ و گۆر پێکردنەکانی ماڵی بە دەستەوە بگرێ . بە هۆی بەردەوام بوونی سیاسەتی ئەسپاردن ، دژایەتی و ناکۆکیەکانی قووڵ باڵەکانی رێژیمی لە بەر گرتووە و هەر کامیان لە حالێکدا خەریکی بە دەستەوە گرتنی سەر چاوەکانن ، خوازیاری بەشێکی زۆرترن . باڵی وەلایی و هاشمی لە گەڵ بە دەستەوە گرتنی سەرچاوەکانی ئەسڵی ، لە سەر سیاسەتی کەم کردنی قەبارەی دەوڵەت سوورن و خوازیاری کەم بوونی دەسەلاتی هێزی جێ بە جێ کەر بە سەر ئابووری وڵاتن . لە بەرانبەردا هێندێک لە بەشەکانی باڵی دووی جۆزەردان سەرەرای قبووڵ کردنی سیاسەتی ئابووری و ئەسپاردنی بەشێک لە ناوەندەکانی ئابووری بە بەرێوەبەرانی دەوڵەتی و بەشی خسوسی ، لە سەر چاوەدێری بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتی بە سەر ئورگانەکانی ئابووری سوورن و لە بەرانبەر کەم کردنەوەی قەبارەی دەوڵەت ڕاوەستاون .

ب_ سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی لە گەڵ دونیای ڕۆژئاوا

رێژیم لە درێژەی سیاسەتەکانی ئابووری شکستی خوارد و جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی ئاکامێک جگە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و کۆمەلایەتی بە دوادا نەبوو . بۆ ڕاکردن لە قەیرانەکان ، چاوی برپە سەرمایەکانی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی

ئەوان دەستی دایە هێندێک جم و جوڵ . لە سەرەتاوە چاوپۆشی کرد لە دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی و لە دژایەتی وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا دەستی هەڵگرت و پەرەی بە وت و وێژی نهێنی لە گەڵ ئەوان دا و بە بەرز کردنی دروشمی دیالوگی شارستانیەکان ، خوازیاری لا بردنی ناکۆکیەکان و وت و وێژی نهێنی بوو . باڵی وەلایی کە لە نزیکەوە چاوەدێری جم و جوڵی دووی جۆزەردانیەکان دەکرد ، ڕەوتی سیاسەتی دەرەوە بە قازانجی خۆی نەبینی و کوسپی دەخستە بەر ڕێگای ئەوان و پەیوەندیەکانی دەرەوەی تووشی گۆڕانکاری کرد و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر کرد . سەرمایەداری ڕۆژئاوا لە ڕەوتی گۆڕانکاریەکان لە ئێران و بە هێز بوونی دووی جۆزەردانیەکان نائومێد بوو و سەرنجی بۆ لای بە دەستەوە گرتنی سەرچاوەکانی ماڵی ڕاکێشرا .

سەرنجی نەدایە مافی مرۆڤ لە ئێراندا و لە بەرانبەری گرتن و ئەشکنجەی ئەندامانی نەهزەتی ئازادی ( بززوتنەوەی ئازادی ) و میللی _ مەزهەبیەکان بێ دەنگ بوو و بۆ سرووشتی نیشان دانی سەرکوت لە ئێران ، ئەم بابەتەی وەک بە دواهاتێک لە ڕەوتی تێپەرین بەرەو دیموکراسی لە ئێران ناو برد . لە بەر ئەوەی کە وڵاتانی ئوروپایی توانای سەرمایەدانانی درێژخایەنیان نەبوو و تەنانەت بۆ سەرمایەدانان بۆ ماوەیێکی دیاریکراویش ئامادەی هیچ جۆرە ریسکێک نین ، ڕوویان هێنایە دانی قەرز لە گەڵ قازانجەکانی زۆر و کورت خایەن بە ڕێژیم . هەروەها بە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەکانی پڕ لە قازانج و بێ ریسکی بای _ بەک ( Buy _back ) لە سەر سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ئاو لە گەڵ ڕێژیم مەعامڵەیان کرد . بە دیتنی سەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران بابەتی مافی مرۆڤ بە تەواوی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بابەتێکی کۆن بوو . تەنیا نارەحەتی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا ئاشکرا بوونی ڕێککەوتننامەکانی دیل کەرەوەی ئەوان لە گەڵ ڕێژیمی خوێن مژی کۆماری ئیسلامیە . لە گەڵ بارودۆخی نالەباری ڕێژیم و گۆڕانکاریەکانی زۆر قووڵ لە ناوچەی قەفقاز و ئاسیای ناوەراست ، سەرنجی سەرمایەکانی ئەمریکایی بۆ لای وڵاتانی تازە سەربەخۆی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو ڕاکێشراوە و ئامادەی سەرمایەدانان لە ئێراندا نین و ئێران لە پلەی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە دانانەن . بۆ ئەمریکا ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و پاراستنی بیرەکانی نەوتی قەراخ باشووری کەنداوی فارس لە پلەی یەکەم دایە ، نەک سەرمایەدانان لە ئێران . بە لە بەرچاو گرتنی ئەم راستیەدایە کە ئەمریکا گرێنگێکی ئەوەندەی بۆ ئێران دانانەی . بۆیە لە دامەزراندنی پەیوەندیەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پەلە ناکات .

پ _ ئەمنیەت و سەرکوتی نەیاران



نەبوونی تەنیا یەک ڕێبەری و بوونی دەزگاکانی یەک جۆر لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات ، بەرنامەکانی ڕێژیمی لە گەڵ شکست ڕووبەروو کرد و بووە هۆی تووندتر بوونی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم . مافیای بازار و مافیای بوروکرات ئەساسی چارەسەری گرفتەکانی ڕێژیم لە ڕێککەوتنی ئەم دوو باڵە و لە ناو چوونی هێزەکانی ڕەخنەگری دووی جۆزەردانی دۆزینەوە و بە ڕێکخستنی هێزەکانی سەرکوت بە مەبەستی هێرش بۆ سەر هەموو هێزەکانی نەیار و تەنانەت ڕەخنەگرانی ڕێژیم ، بەرنامەی خۆیان بە شێوەی خوارەوە دارشت :

١_ چارەسەری ناکۆکیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم

لە گەڵ پەرەساندنی قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ، نارەزایەتیەکانی خەڵکی شێوازێکی رادیکاڵتری بە خۆیەوە دەگرێ . دژایەتیەکانی ناوخۆیی ڕێژیم زۆر ئاڵۆزتر و بەکردەوە بێ چارەسەر ماوەتەوە . باڵی بە هێز بە گرتنی ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی نەهزەتی ئازادی ( بزووتنەوەی ئازادی ) و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی هێرشی خۆیان بۆ سەر باڵی خەتی ئیمامیەکان دەس پێ کرد و بنیاتەکانی ژێر دەستی ئەوان یەک بە دوای یەکتر بێ متمانە و پێگەی ئەوان لە ناو کۆمەڵگادا لە ناو دەبەن . کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم و بنیاتی وەلی فەقیح بەکردەوە هەموو دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە و دەسەڵاتی چاوەدێری سەروک کۆماری لە سێ هێز دراوەتە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم و پروگرامی سیاسی و ئابووری لە لایەن کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستەم دادەرێژدرێ و بۆ جێ بە جێ کردن دەدرێتە هێزی جێ بە جێ کەر . باڵی بە هێز سەرەرای ئەوەی کە ئورگانەکانی زۆر بە هێز وەک هەموو هێزەکانی نیزامی و ئینتیزامی و هێزی بڕیاردەر لە دەستیەتی ، بە تەمای بە دەستەوە گرتنی هەموو بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردن و بەرواڵەت کردنی ڕۆڵی هێزی یاسادانانە . و بە بڕیارەکانی حکومەتی ، یاساکان بە پەسەند دەگەیێنێ و یان پلان و گەلاڵەکان لە دەستوری مەجلیس دەر دێنێ . لە کاتێک کە نوێنەرانی مەجلیس سەرپێچی بکەن لە لایەن هێزی بڕیاردەر دەدرێنە دادگا و پاشان بۆ زیندان ڕەوانە دەکرێن . لە قۆناغی دوایی هەڵبژاردنەکان لە ڕێگای شوورای پاراستنی یاسای ئەساسی فیلترێکی قایمتر دابنەی و نوێنەرانی سەداسەد جێگای متمانە بۆ مەجلیس بنێرێ و هەموو باڵی ناسراو بە ریفورمخواز لە کاروباری دەوڵەتی لا ببات و تەشکیلاتەکانیان بباتە ژێر زەبری هێزەکانی ئەمنیەتی .

٢_ ڕێکخستنی ئورگانەکانی ئەمنیەتی و نیزامی و سەرکوتی هەر جۆرە جم و جوڵێکی نارەزایی هاوکات لە گەڵ ئاشکرا بوونی سیاسەتەکانی سەرکوت و تیرور و ئاشکرا بوونی رانت خورەکانی ئابووری ، بزووتنەوەی خەڵکی هاتە ناو ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و بە جم و جوڵەکانی بزووتنەوەی

دانشجوویی لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ، بزووتنەوەی خەڵکی چووە قۆناغێکی تازە و ڕەوتە سیاسیەکانی پەیوەند دایە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕێژیمی بە تەواوی خستە بەر مەترسی رووخان . بە کەڵك وەرگرتن لە ئەنترنێت و راگەێنەرەکانی جۆربەجۆر ، ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر و ڕەوتەکانی جۆربەجۆر بوونی خۆیان راگەیاند و لە گەڵ بزووتنەوەی خەڵکی پەیوەندیان گرت . ڕێژیم لەم بارودۆخەدا ، پروگرامی خۆی لە سەر لە ناو بردنی هێزەکانی رەخنەگری ناوخۆیی و یەك دەست کردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی دارشت .

باڵی بە هێز بۆ پاراستنی سیستەم ، خوازیاری سەرکوتی باڵی خەتی ئیمامی دووی جۆزەردان بوون و ئەوانیان تووشی دووبەرەکی و لە ناو چوون کرد . بە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیتلاعاتی ( زانیاری ) نهێنی لە هێزەکانی ئەمنیەتی جێگای متمانە لە ئیتلاعاتی سوپا و وزارەتی ئیتلاعات دەستیان دایە هێرشی بەربلاو دژی هێزەکانی لایەنگری ریفورمەکان لە سەرەوە و هێزەکانی کاریگەری ئەویان دەسگیر و بە وەرگرتنی زانیاری و تەواب کردنی ئەوان و پاشەکشەی ئەوان ، زەبرەکانی دوائیان لێان وەشاند و بە خوڵقاندنی کەش و هەوای ترس و تۆقاندن لە ناوخۆی کۆمەڵگا بە دوای وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بوون . و دەنگی ریفورمخوازانی دەوڵەتیان بڕی و دیکتاتۆری تەواویان دامەزراند . لە گەڵ وە ڕێ خستنی جل و بەرگ مەدەنیەکان ( حیزبوڵلا ) هێرشیان بردە سەر جم و جوڵەکان و کەش و هەوای پۆلیسیان لە ناوخۆی کۆمەڵگا داسەپاند . سەرکردەکانی ڕێژیم بە وەحشیگەریەکانی سەدەکانی ناوەراست دەستیان دایە دەرکردنی بریارەکانی مەزهەبی و بە تەمای بە دەستەوە گرتنی هەموو هێز و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و نیزامین . ڕێژیم کە لە گۆمانی چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئابووری لە ڕێگای سەرمایەدانانی دەرەوە ، بەڵێنی ریفورمەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و ئازادی بڵاوکراوەکانی دەدا ، هاوکات بە شێوازەکانی جۆربەجۆر دەستی دەدایە تیروری نەیارانی خۆی و تێ پەرین لە کۆمەڵگای بێ یاسای ئیسلامی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ئیسلامی و حکومەتی فەقیحەکان لە ژێر سێبەری تەنیا خەلیفەی موسڵمانان و گوێ بە فەرمانی وەلی فەقیح ، لە لایەن کەسێکی چەور زمان و فریوکار کە لە مەکتەبی بەهەشتی و خومەینی بووەتە وەستا . خاتەمی وەستای دواندن و فریوکاری ، بە بزە و پێکەنین لاسایی خومەینی دەر دەهێنا و بەڵێنەکانی خومەینی لە بەهەشتی زەهرای هەڵبەت بە فاکتۆر گرتن لە هێندێك لە قسەکانی خومەینی دوو پات کرد ، ئەم چەور زمان و گوێ ڕاگرە بە قسە و فەرمانی هاشمی لە دەورەی چوار ساڵەی سەروك کۆماری سیمای راستەقینەی خۆی نیشان دا و بۆ ڕاکردن لە ئاشکرا بوونی سیمای خۆی بە هەر شتێك خۆی هەڵدەواسی . بەڵام نەیتوانی بەر بە سەرەلێژکەیی حکومەت بگرێ و لە لایەن لایەنگران و باڵەکانی جۆربەجۆر بە بێ



دەسەڵاتی و بە بێ توانایی مەحکووم کرا . تەنانەت لە بواری سیاسەتی دەرەوەیش نەیتوانی سەرنجی ڕۆژئاوائیەکان بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ و ئەوانیان بە خۆی خۆش بین بکات و خاتەمی ئەوەندە بێ متمانە کرا کە لایەنگرانی ریفورمەکانی حکومەتی بە نارەزایی لە کاتی کاندیداتۆری سەر لە نوێی ئەو بۆ ئەو تەبلیغیان کرد . خاتەمی لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنەکان بە دانی دروشمی دیفاع لە یاسای ئەساسی کۆماری ئیسلامی و وەلایەتی فەقیح و ڕەت کردنی ریفورمەکان مۆری تەعیدی لە یاسایی بوونی ئەشکنجە و زیندانی کردنی لایەنگرانی خۆی دا . و هیوادار بوو تاکو لە دابەشکردنی دەسەڵات ، جێگایێك بۆ ئەو دیاری بکرێت . بەڵام قەد نەیتوانی لەوەی تێ بگات کە لەم دەورەیەدا دەبێ کەسێکی بە تەواوی گوێ ڕاگر و فەرمانبەر بێت و یان بە شێوەیێکی دڵخوازانە لا بچێت و خۆی خەریکی دەسکەوتەکانی بکات و کوشتارخانەی خۆی بەرێوە ببات . بە هەر حاڵ ، ڕێژیم بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی ، فەرهەنگی و سەرەرای بوونی ناکۆکیەکانی بێ چارەسەری ناوخۆیی ، خەریکی ڕێکخستنی سەرکوتی هێزەکانی شۆڕشگێر و ئازادیخواز بە شێوەی خوارەوە بوو :

١- بە هێز کردنی ڕێکخراوی تیرور و بەندیخانەکانی کاتی ترسناك

سیستەمی ئیتلاعاتی ( زانیاری ) ڕێژیم تووشی زنجیرەیێك ناکۆکیەکانی ناوخۆیی بوو و بەشێك لە زانیاری و چالاکیەکانی تیرور ئاشکرا بوو و هێندێك لە هێزەکانی ئەو ناسران . پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی تیرور لە گەڵ وەلایەتی فەقیح ، هاشمی رەفسنجانی و مەدرەسەی حەقانی و کردەوەی ئەو تەنانەت بۆ هێزەکانی ڕێژیم بووە هۆی بێ ناسنامەیی تەواو لە بەرانبەر بیر و بۆچوونی گشتی کۆمەڵگا . هێزی دەسەڵاتدار دەیویست ڕێکخراوی تیرور و زانیاری ( ئیتلاعات ) دامەزرێنێ . ڕێژیم بە کەڵك وەرگرتن لە ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و بەشێك لە هێزەکانی وزارەتی ئیتلاعات ڕێکخراوی تازەی ئیتلاعاتی ڕێکخست و راهێنانی ڕێکخراوی تیروری راستەوخۆ بە دەستەوە گرت . و بەشێك لە زیندانەکان و بەندیخانەکانی کاتی و شوێنەکانی ئەمنی دایە دەستی ڕێکخراوی ئیتلاعات . هەموو چالاکیەکانی گرتن و لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاری لە نەیاران و رەخنەگرانی ڕێژیم لە لایەن ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیێکی بە تەواوی نهێنی ئەنجام دەدرێ .

٢- ڕێکخستنی سەرکوتی بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر و ئازادیخوازان لە گەڵ جووڵانەوەکانی نارەزایی خوێندکارانی زانکۆەکان و ئازادیخوازان و نارەزایەتیەکانی کۆمەلانی زەحمەتکێش .

کۆمەڵگا زۆر رووداوی لە داوینی خۆی پەروەردە و کۆکردووە ، بزووتنەوەی دانشجوویی لە پەیوەند لە گەڵ چینەکانی‌تری زەحمەتکێش و جووڵانەوەکانی رێکخراوی دەرەوەی ولات ، قەیرانێکی قووڵ بۆ باڵەکانی رێژیم پێک هێنا . لە گەڵ پەرەساندنی دژایەتیەکانی دەسەڵات ، قەیرانی کرێکاری جووڵانەوەی خۆی رێکخست و جەرەسی لە ناو چوونی رێژیمی لێدا . رێژیم رێگایێکی جگە لە سەرکوت بۆ خۆی نابینێ و بەرنامەی خۆی بە شێوەی خوارەوە ئەنجام دەدا :

ئەلف- رخنە و دووبەرەکی خستنەوە لە ریزی جووڵانەوەکانی دیموکراتیک

ب- سەرکوتی بزووتنەوەکان و لە ناو بردنی رێکخراوەکانی شۆرشگێر و ئازادیخوازان لە ناوخۆی وڵات

ئەلف- رخنە و دووبەرەکی خستنەوە لە ریزی جووڵانەوەکانی دیموکراتیک :

لە گەڵ پەرەساندنی جووڵانەوەکانی دیموکراتیک و جووڵانەوەکانی سینفی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، رێژیم توانای سەرکوتی بەربلاوی لە دەس دا و نەیتوانی پاشەکشە بکات و ئیمتیاز بدات . رێژیم دەیهەوێ ئەم جووڵانەوە بەربەست بکات و یان لە ناوخۆوە تووشی دووبەرەکیی بکات و کات بۆ سەرکوتی بەربلاو و ئاشکرا بە دەس بێنێ . رێژیم لەم کاتەدا لە بەرانبەر جووڵانەوەکانی دیموکراتیک و سینفی و راپەرینەکانی شۆرشگێرانە لە ناوخۆی وڵات و لە لایکی دیکەوە ئاشکرا کردنی سیاسەتەکانی سەرکوت و دواکەوتووانەی و جووڵانەوەکانی دیموکراتیکی رێک خراو لە دەرەوەی وڵات رووبەروو بووە . جووڵانەوەکانی ناوخۆیی لە رێکخستنی خەڵکی بە هێز بەهەرەمەند نی‌یە و جووڵانەوەکان بە گشتی لە ژێر کاریگەری باڵەکانی رێژیمن و لە هەمان حاڵدا رێژیم دەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات ، بۆیە ماڵی کرێکار ( خانە کارگر ) لە سەر جووڵانەوەکانی سینفی کاریگەریی هەیە و وەک ئورگانی هەست و رخنە لە بزووتنەوەی کرێکاری چالاکی دەکات و جووڵانەوەکانی کرێکاران لە نزیکەوە چاوەدێری دەکات و کرێکارانی پێشرەو دەس نیشان دەکات . دەفتەری تەحکیمی وەحدەتیش ( نووسینگەی سەقامگیری یەکگرتن ) ئەرکی کۆنترۆڵی بزووتنەوەی دیموکراتیکی دانشجوویی ( خوێندکارانی زانکۆکان ) لە سنووری باڵەکان بە ئەستۆیەتی و پێشرەوانی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆکان دەس نیشان و بەر بە کاریگەری ئەوان بە سەر بزووتنەوەی دانشجوویی دەگرێ . لەم پرۆسەیەدا خوێندکارانی زانکۆکان و کرێکارانی پێشرەو بە وشیاری و کردەوەی تاقمەکانی رێژیم لە تەشکیلاتی باڵەکان و جووڵانەوەکانی هاو لایەن لە گەڵ ئەوان دەر دەچن و بۆ پتەو کردنی خەباتی شۆرشگێرانە لە سەر ئەساسی قازانجەکانی ڕاستەقینە خۆیان رێک دەخەن . ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات لە دوو بوارەوە گرینگن و دەتوانن لە سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی دەرەوەی رێژیم کاریگەریان هەبێ .



لە لایکەوە بە بوونی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن ، هەواڵی جووڵانەوەکانی نارەزایی جۆربەجۆری ناوخۆیی وڵات لە جیهان بڵاو بکەن ، سیاسەتەکانی سەرکوتی رێژیم بۆ بیر و بۆچوونی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی ئاشکرا بکەن و گۆرەپان بۆ رێژیم و هاوکارانی دەرەوەی تەسکتر بکەن . لە لایکی دیکەوە بە رادیکالیزە بوونی بزووتنەوەکانی خەڵکی و رێکخستنی پێشرەوانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی نوێ و پەیوەندی ئۆپۆزیسیونی دەرەوە لە گەڵ بزووتنەوەی ناوخۆیی خەتەری زۆر گەورە بۆ رێژیم پێک بێنن . لەو جێگایە کە کۆماری ئیسلامی توانای لە ناو بردنی رێکخراو و گروپەکانی سیاسی و جووڵانەوەکانی دەرەوەی وڵاتی نی‌یە ، کردەوەکانی تازە ئەنجام دەدات .

١- تێک دانی پێکهاتی پەنابەرانی دەرەوەی وڵات

٢- رخنە کردن لە تەشکیلاتەکان و کۆکردنی زانیاری سەبارەت بە پەیوەندیەکان و تیروری ئەندامانی چالاکی بزووتنەوە .

ب- سەرکوتی بزووتنەوەکان و لە ناو بردنی رێکخراوەکانی شۆرشگێر و ئازادیخوازان لە ناوخۆی وڵات .

رێژیم لە دەورەی کەش و هەوای داخراوی سیاسی نەیتوانی هێزەکانی پێشرەو بە شێوەیکی هەموو لایەنە سەرکوت بکات و بە بێ توانایی لە چارەسەری قەیرانی هەموو لایەنە ، کەش و هەوای سیاسی کۆمەڵگا تینێکی تازەی بە خۆوە گرت و نارەزایەتیەکان و جووڵانەوەکانی سینفی و سیاسی بە شێوەیکی بەربلاوتر سەری هەڵدا . تیئوریسیەنەکانی رێژیم و گەلاڵە دارێژەرانی هاوبەشی دەرەوەی ، سیاسەتی ئازاد کردنی رێژەیی و لە ژێر کۆنترۆڵیان خستە دەستوری کاری خۆیان . ماوەیێک کەش و هەوای کراوەی سیاسی بۆ باڵەکانی رێژیم پێک هێنان و خەریکی پەرەپێدانی تەشکیلاتی خۆیان بوون و لە رێگای ئەم تەشکیلاتانە دەستیان دایە جووڵانەوەکانی نارەزایی و سەر بە باڵی خۆیان و ناویان وەک ئۆپۆزیسیونی ناوخۆیی داخست و رێژیم لەم رێگایە توانی بە شێوەیکی کاتی جووڵانەوەکانی نارەزایی لە هێڵی قازانجەکانی گشتی بە لارێ ببات و بزووتنەوەی نارەزایی لە رێکخستنی سەربەخۆ بێ بەهرە و دووری بخات و خۆی وەک ناوەندی بزووتنەوەکانی دیموکراتیک نیشان بدات و پۆتانسێلی هێزەکانی نزیک بە دەسەڵات هەڵسەنگێنێت . بە هێرش کردنەوە بۆ گەرەکی زانکۆ لە تاران لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ( ١٩٩٩ی زائینی ) ئەم شانۆەی رێژیم ئاشکرا بوو و رێکەوتنەکانی تاقمەکان لە گەڵ شکست رووبەروو بوو و نارەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆکان شێوە و شێوازی بەربلاوتری بە خۆوە گرت و لە شێوازی خەباتی ناو شەقامەکان دژی تەواوەتی رێژیم درێژەی پێ درا . بە هێرشی هەموو لایەنەی باڵەکان

، باڵی خەتی ئیمامی دووی جۆزەردان لە بەرانبەر بزووتنەوەی نارەزایی ڕاوەستا و سەرکوتی کرد . لە درێژەی ئەم هێرشەدا ڕۆژنامەکان یەک بە دوای یەکتر کەوتنە بەر هێرش و داخران و ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ڕەخنەگر کەوتنە زیندان . بە دەسگیر کردنی ئەندامانی نەهزەتی ئازادی و ئەوانەی کە ناسراو بە میللی– مەزهەبی بوون و لێکۆلینەوە و تەواب کردنیان ، ڕێکەوتنەکانی نێوان باڵەکان کۆتایی پێ هات و سیاسەتی هێرشی ئاشکرا لە ڕێگای ڕێژیم ئەنجام درا . لە گەڵ بانگ کردنی زیندانیانی سیاسی پێشوو و کەسانی روشنبیر و لێدانی تازیانە بە ئاشکرا و لە بەرانبەر چاوی خەڵک و جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی قەساس و بەردباران کەش و هەوای ترس و تۆقاندنیان بە سەر کۆمەڵگا داسەپاند . لە گەڵ جووڵانەوەکانی ڕێک خراو ، هێزەکانی جۆربەجۆر بە تومەتی شەڕ دژی خوا ( محارب ) و بێ ئەخلاق ( مفسد ) ئیعدام کران و لە گەڵ بە ڕێ خستنی هێزەکانی جل و بەرگ مەدەنی و ئەنساری حیزبوڵلا کەش و هەوای پۆلیسی و سەرکوتی توووند کرد و شەوان خەریکی بە داو خستن و گرتنی هێزەکانی شۆڕشگێر و ئازادیخواز بوون . ڕێژیم بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئاخرین شێوە و شێوازی خۆی تاقی دەکاتەوە . هێزەکانی سەرکوت و دادگاکان چالاک ، قەیرانی سیاسی و کۆمەلایەتی توووندتر دەکات و بێ توانا لە چارەسەر کردنی قەیرانی ئابووری و جیاوازی و نێوانی چینایەتی زیاتر و دژایەتی چینایەتی قووڵتر دەکات . هەر ڕۆژ کرێکاران و زەحمەتکێشانی زۆرتر بێکار و کارخانەکانی زۆرتر دادەخات . لە گەڵ لە ناو چوونی کشت و کاڵ و هەڵشکانی سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنان ، دەستەکانی زۆرتر لە دەرچووانی زانکۆکان بێکار دەبن . سەرمایەداری جیهانیش بە بێ متمانەیی لە ڕێژیم ڕووی هێناوەتە ڕێکەوتننامەکانی ئیمپریالیستی بێ خەتەری بای– بەک ( Bay back ) و داهاتووی ئێرانی بەرەو لە ناوچوون دەبات و دەس بە سەر داگرتنی نەوت و گاز ئامانجی ئەوانە . ئیمپریالیزم بە دانی یارمەتی بە حکومەتی خەلیفەگەری ڕێژیمی مەزهەبی لە ئێران مافەکانی مرۆڤـ لە ناوچەکە پێشێل دەکات .ڕێژیم ئێستا تووشی دژایەتیەکانی قووڵی پێکهاتیە و هیچ جۆرە ڕێگایێکی جگە لە ڕووخان نییە . هەر ڕێکەوتنێکی نوێی باڵەکان شکست دێنێ . لە لایێکی دیکەوە بزووتنەوەکانی کۆمەلایەتی و خەڵکی لە ڕێگا دایە . بزووتنەوەی کرێکاری لە جووڵانەوەکانی سینفی تێپەریوە و ڕووی هێناوەتە خەباتی چینایەتی و خوازیاری ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداریە و بە پاشکەوتێک لە ئەزموونەکانی دەورانی ڕابردوو ، بنیاتەکانی کۆمەلایەتی خۆی وەک شوورا ، سەندیکا ، یەکیەتیەکان و بلاو کراوەکان و . . . بە هێز دەکات . خەبات دژی هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوە و هەر جۆرە ئەشکنجە و ئیعدام و جیاوازی جینسی ، رەگەزی ، قەومی و ڕێزدانان



بە مافەکانی نەتەوەکان ئەرکی هەموو هێزەکانی شۆڕشگێر و دیموکرات و هەموو ئازادیخوازانە . هێزەکانی دیموکرات و شۆڕشگێر ڕێکەوتننامەکانی ئیمپریالیستی ئاشکرا دەکەن و دژی ئەوان خەبات دەکەن و ڕێکەوتننامەکانی نهێنی و دیل کەرەوەی ئیمپریالیزم لە گەڵ تاقمەکانی مافیای دەسەڵاتدار بە سەر ئێران ئاشکرا و بێ بایەخ دەکەن .

